

## زاهیر محەمەد:

## یەکەم کەس بووم سروودم بۆ هەڵەبجە دانا.. بەهۆی قەیرانی داراییشەوە بزاڤی هونەریی سست بووە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ – ٥)

* ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادرە، لەبەر خۆشەویستی لە کوردستان و لەناو خەڵکیدا، بە زاهیر مەردانە ناسراوە، هونەرمەندێکی فرەبەهرە و پڕ بەخشش و خاوەن بەرهەمی جۆراوجۆرە، زۆر بە ڕوونی جێدەستی بەسەر هونەری مۆسیقا و ئاوازدانان و گۆرانی و سروودی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندانی شارەزای بواری هونەر و چاودێران شایەدی بۆ دەدەن کە خزمەتێکی زۆری بە کایەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە. ئەم هونەرمەندە وەک موزیکژەن، سەرەتا شمشاڵ و نای تەختە، دواتر کەمان و عودی ژەنیوە، ئەوجا وەک ئاوازدانەر، لە ئامادەکردنی گۆرانی کۆن و فۆلکلۆری کوردی بۆ گۆرانیبێژان دەرکەوتووە، پێشەکی مۆسیقای بۆ زۆر لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کورد داناوە.

* هونەرمەند زاهیر محەمەد، بێجگە لەوەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا کار و بەرهەمێکی زۆری هەیە، لە بواری نووسینیشدا ئەوەندەی دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێ، بە پێی توانایی خۆی خزمەتی کردووە. یەکەم نۆبەرەی چاپکراوەکانی بەناوی (ڕەنگاوڕەنگ)، لە ١٩٧٠/٧/١٠، لە چاپخانەی (الشمال)ی کەرکووک چاپکردووە، ناوەڕۆکی کتێبەکەی بریتییە لە تێکستی زۆربەی ئەو شیعر و سروود و هۆنراوانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆمار کراون، بەڵام بە هۆکاری تەکنیکی نەیتوانیوە نۆتەی گۆرانییەکانی لەگەڵ دابنێ، نەشیتوانیوە بە زەنگوغراف ئەو نۆتانە بڵاو بکاتەوە، چونکە تێچووی ئەو کارە بۆ ئەو زۆر بووە، لە ناویاندا نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکانی حەسەن

زیرەک هەبوون کە لە ساڵی ١٩٦٧، لە سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان؛ (ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید)ی برای لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید بۆیان تۆمار کردووە. دوای چەند ساڵێک کتێبی: هونەری ڕەوانبێژی – وتارسازی (فن الألقاء) کە کتێبی دووقۆڵیی سامی عەبدولحەمید و بەدری حەسوون فەریدە، بە دەستکارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردووە. هەر ئەو ساڵە (٢٠٠٧)، کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاشنا، ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆرکران!)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دواتر کتێبێکی دیکەی بەناوی: (کۆمەڵێک بابەتی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێت!)ی وەرگێڕاوەو لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لەسەر گیرفانی خۆی چاپی کردووە، دواجار بنکەی مەقام لە ساڵی ٢٠١٢دا، نامیلکەیەکی بەناوی (دەنگ و ئاوازە کوردییەکان)ی بۆ لە چاپداوە کە نووسینێکی ڕەخنەگری هونەریی بەناوبانگ (عادل هاشمی)یە و لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوە.

* بێجگە لەو کتێبە چاپکراوانەی، کۆمەڵێک دەستنووسیشی هەیە کە چاوەڕێی لە چاپدانن، لەوانە: (چۆن لە ژیانتدا سەرکەوتوو دەبیت)، نووسینی زانای کۆمەڵناس کلود بریستول کە لە ساڵی ١٩٧٦، لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. دەستنووسێکی دیکەی (بنچینەی فێربوونی مۆسیقا)یە، نووسینی ئەدۆلف دانهاوزەرە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. دەستنووسێکی دیکەی بەناوی (کۆیەی دوارۆژ)ی هەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی. (بەختیاری ڕاستییە، یان ئەندێشە)، کە سەبری مەقدسی نووسیویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. (ڕۆشنبیری و گەڕی نوێبوونەوە)، دیسان نووسینی (سەبری مەقدسی)یە، هەر لە ساڵی ٢٠١٤، لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە



زاهیر محەمەد– ئازاد عەبدولواحید

کوردی، ئەو دەستنووسانەی باسمان لێوە کردن، ساڵانێکە نووسیونی و وەری گێڕاون، چاوەڕێی هیمەتی دەزگایەکی چاپکردنن بۆی لە چاپ بدەن.

* سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانەکانی کە تا ئێستا بەشێکی لێ چاپ کردوون و بەشێکیان چاوەڕێی چاپ کردنن، زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کۆیە، وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە و پەیتا پەیتا بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون: ڕۆژنامەکانی: ئازادی، هاوکاری. گۆڤارەکانی: بەیان، ڕەنگین، هەنگ، گەپ، پەیژە، چلاواز، نووسەری نوێ، مێرگ، هەرێمی کوردستان، کەکۆن، ڕامان، کە لە بارەی هونەر و شیعر و ئەدەبیات و منداڵ و مێژوو، بیروڕای خۆی دەربڕیوە و زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش و بە کەڵکیشی وەرگێڕاوە.

* بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک سەرۆکی تیپی باواجی کۆیە بووە و لەبەر تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەو تیپە و سازکردنی ئاهەنگی بەردەوام لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، دوای ساڵی ١٩٧٠ و کەشوهەوای سازگار و لەباری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ناوی ئەو هونەرمەندە، بە هەوادارانی هونەر ئاشنا بووە، بە تایبەتیش کە سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی

کۆیـەی کـردووە، ئـەوەی زیاتـر ئـەو تیپەشـی پـێ ناسـراوەتەوە، ئـەو مۆرکـە تایبـەت و ڕەسـەنەی میلۆدییەکانـی بـووە، کـە زۆر بـە ڕۆح و هەسـت و گوێچکـەی گوێگـران و بینەرانـی ئـەو ئـاواز و گۆرانییانـە شـیرین و دڵگیـر بـوون و جێگەیـان لـە دڵ و دەروونیـان کردبـووەوە، چونکـە میلۆدییـەکان هەڵقـوڵاوی نـاو هەنـاوی دەڤەرەکـە و وراتـی کۆیـە بـوون، یـان درێژەپێـدەری هونـەری بـاڵای کەسـانی گـەورەی وەک ئەمیناغـای ئەختـەر و ڕەشـیداغای حەوێزی و مەڕبێن و حەنیلە خڕە و سێوە و حاجییە گـەورە و مـەلا ئەسـعەد و مـەلا ئەحمـەدە کـوێر و محەمەدئەمیـن عەبـاس و تایـەر تۆفیـق و باکووری و خالیـد دلێـر و.. و.. بـووە، ئـەو میلۆدیانـەش نـەک هـەر لەنـاو دڵ و دەروون و هەسـت و نەسـتی هەمـوو تاکێکی کۆیـی، بگـرە لـە دڵ و دەروون و یـادەوەری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتاندا کاریگەرییـان هەبـووە و جێگـەی خۆیـان کردووەتـەوە.

* زاهیـر محەمـەد کـوڕی خانەوادەیەکـی ئایینـی و ئـەدەب پـەروەر بـووە، باوکـی مـەلا محەمـەد دلاوەر (ئیمـام و خەتیبـی مزگەوتـی حەتـک) شـاعیر بـووە و زۆر حـەزی بـە شـیعر و ئەدەبیـات کـردووە، زانایەکـی ئایینـی کـراوە و ڕۆشـنبیرێکی ناسـراوی سـەردەمی خۆیەتـی، شـاری کۆیـەش بـۆ خـۆی مەڵبەنـدی شـاعیران بـووە، بۆیـە هـەر زوو بەنـاوی شـاعیرە گـەورە و کاریگەرەکانـی ئاشـنا دەبـێ، بێجگـە لـە شـاعیرانی کۆیـە، وەک خوێنەرێکـی باشـی شیعری کـوردی و شـاعیرە گـەورەکان، شیعری بـاڵای بـۆ ئاوازەکانـی هەڵبـژاردووە، ئـەو کـە تـا ئێسـتا (١١٤) ئـاوازی دانـاوە، هەوڵـی داوە شـیعری شـاعیرە باشـەکان هەڵبژێـرێ و ئاوازیـان بـۆ دابنـێ و بیداتـە ئـەو گۆرانیبێژانـەی ئاوازەکانـی دەڵێـن، کـە ئـەو شـاعیرانە ژمارەیـان زۆر بـووە، لـە ناویانـدا شـاعیرانی کلاسـیک تـا شـاعیرانی سـەردەمی نوێـی گرتووەتـەوە، لەوانـە: ئـاوازی بـۆ شـیعری نالـی و سـالم و کـوردی و حاجـی قـادری کۆیـی دانـاوە، ئاوازی بۆ (١٤) شـیعری عەونـی، (٨) شـیعری ئەحمـەد دڵـزار، (٦) شـیعری هێمـن، (٤) شـیعری کەریـم شـارەزا، (٣) شـیعری د. مسـتەفا زەنگەنـە، (٢) شـیعری جـەلال جۆبـار، (٢) شـیعری کامـەران موکـری، (٢) شـیعری مەدحـەت بێخـەو، (٢) شـیعری ڕەهبـەری سـەید برایـم، (٢) شـیعری ڕەمـەزان زامـدار، (١) شـیعری مەدهـۆش، (١) شیعری نەسرین مسـتەفا، سـروودی پێشـمەرگە، کـە شـیعری زەینـەب خادیمـی سـەجادەیە، وێـڕای ئـەوەی ئـاوازی بـۆ چەنـد شـیعرێکی خۆشـی دانـاوە.

* گەشـتی ئاوازدانانـی م. زاهیـر محەمـەد لـە شەسـتەکانەوە دەسـت پـێ دەکات، لـەو کاتـەوە کـە قوتابیـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا — بەشـی مۆسـیقا بـووە، یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٦٠، لەسـەر داوای هاوڕێیەکـی عەرەبـی بەغدایـی کـە ئەویش لـە پۆلـی سـێی بەشـی مۆسـیقا بـووە، بـە نـاوی مەهدی عەلـی، کـە لـە پۆلـی یەکـی پەیمانگـە بـووە، ئـاوازی بـۆ تەوشـیحێکی ئایینـی بەنـاوی (طلع البـدر علینـا، مـن ثنیـات الـوداع) دانـاوە، ئـەو هاوڕێیـەی کـە لـە قوتابخانەیەکـی تێکـەڵاوی بەغدا کۆتایـی سـاڵ تەتبیقی کـردووە، نۆتـەی بـۆ ئاوازەکـەی نووسـیوەتەوە، ئێسـتا ئـەو سـرووده ئایینییـە بـە هەمـوو وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامیدا بڵاوبووەتـەوە، بـەڵام زۆر دەسـتکاری کـراوە و نـاوی ئەویشـیان لەسـەر لابـردووە. ئـاوازی بـۆ زۆر دەنگخـۆش و گۆرانیبێـژی کـورد دانـاوە، کـە لەنـاو ئەوانـەدا ئافرەتـان و پیـاوان و لاوان هـەن، لەوانـە: ئەنـوەر تاهیـر، عەدنـان جەمـال، عەبدوڵـڵا دڵسـۆز، قـادر ئەحمـەد، سـەلاح پشـدەری، قاسم فەرەجوڵـڵا، گوشـاد کەمـال، دلێـر سـادق، ئیسـماعیل شـەیدا، کـە هەنـدێ لەوانـە کۆچـی دواییـان کـردووە، هەروەهـا ئـاوازی بـۆ چەنـد خانمێکـی دەنگخۆشـیش دانـاوە لەوانـە: تـارا ڕەسـووڵ، دڵنیـا قەرەداغـی، دیمـەن جـەلال جۆبـار، شـنۆ ئیبراهیـم.

* هەنـگاوە سـەرەتاییەکانی دەسـت پێکردنـی کاروانـی هونەریـی، لـە سـاڵی ١٩٥٧ بـووە، ئـەو ساڵە بەخـت یـاوەری بـووە، م. باکـووری وەک هونەرمەنـد و

مامۆستای زمانی ئینگلیزی هاتووەتە قوتابخانەکەیان کە ناوی ناوەندیی کۆیە بووە، دوای ماوەیەک هەوڵی داوە چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش بکا، ئیدی لەو قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەندی بواری هونەری مۆسیقای هەڵبژاردووە، زاهیر محەمەد یەکێک لەو قوتابیانە بووە، هەر ئەویش لەو کات و سەردەمەدا بەهونەری مۆسیقای ئاشنا کردوون و ڕۆژانە دوای نیوەڕۆیان لە ژووری نیگارکێشان ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوکاتە خوێندنی قوتابیان چوار وانە بووە، ئێوارانیش دوو وانەیان خوێندووە و لەسەر چەند ئامێرێک ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوە بوو لەم سەرەتایەوە زاهیر محەمەد و ئیبراهیم فەرەجوڵلا بە کەمان، ئەکرەم باقی بە عود، سەردار ئەحمەد بە نای، نەشئەت حەمید بە دەف، عەونی عەلی بە تەپڵ بەشداربوون، کە ئەو قوتابییە بەهۆی ئەوەی باوکی مەعاونی پۆلیس بووە، هاتووەتە شاری کۆیە، کە لە بنەڕەتدا خۆیان خەڵکی شەنگال بوون، دوای ماوەیەک لە کۆیە نەماون و باریان کردووە.

* بە سەرپەرشتیی م. باکووری، لەو قوتابیانە تیپێکی مۆسیقای بچووک، وەک چالاکیی قوتابخانە دامەزراوە و چەند چالاکییەکی سنوورداریان لە قوتابخانەکەیان بۆ دایکان و باوکانی قوتابیان پێشکەش کردووە، هەر خۆشیان تیپەکەیان ناو ناوە (باواجی)، دوای ساڵ و نیوێک تیپەکە لە چالاکی نواندن وەستاوە، چونکە قوتابییەکان هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتوون، زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراون، ئەو سەردەمە لە هەموو عێراقدا، تەنیا لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەبووە، ساڵی ١٩٦٠یش مامۆستا باکووری چووەتە شاری هەولێر، ئەکرەم باقی بووەتە سەرباز، ئیتر تیپەکەیان نەماوە، لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەی لە پەیمانگە بووە، لە ئاهەنگەکانی پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و ئێزگەی کوردی، بەشداری زۆر چالاکیی هونەری کردووە. ساڵی ١٩٦١ تیپی ئۆرکێسترای ڕۆژهەڵاتی لە بەغدا، بەسەرپەرشتیی مامۆستاکەیان حیسام چەلەبی دادەمەزرێ، زاهیر محەمەد دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیپی ئۆرکێسترایە و وەک ژەنیاری کەمان وەردەگیرێ، ئەو ماوەیەی لەو تیپەدا بووە، لە تەلەڤزیۆنی بەغدا بە شێوەی زیندوو بەرهەمێک پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بە ڕەش و سپی بەرهەمەکەیان تۆمار کردووە.

* دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات، لە شاری (کوت)ی خوارووی عێراق، وەک دوورخستنەوەیەک بە مامۆستا لە چالاکیی قوتابخانەکان دایدەمەزرێنن، دوای نیوەڕۆیانیش لە هۆڵی قوتابخانەی (هودا)ی کچان، کۆمەڵێک قوتابیی فێری مۆسیقا دەکا و لەسەر ئامێری کەمان، عود، ئۆکۆردیۆن، ماندۆلین، تەپڵ، دەف، جاز، ڕاهێنانیان پێ دەکا و تیپێکی باشیان لێ دروست دەکات و لەو شارەدا چالاکیی زۆر دەنوێنن، بەرچاوترین و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی ئاهەنگی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی بووە، ئەم چالاکییە لە قەزای (صویرە) کراوە کە عەبدولکەریم قاسم خەڵکی ئەوێیە و خۆشی لەوێ ئامادە بووە، هەر لەو کاتەدا فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی (کیندی) لە بەغدا هەبووە، ئەو ڕۆژە هەموو شاندە بەشداربووەکانی ئەو فیستیڤاڵە، لە (صویرە) ئامادە دەبن، لەوانە وەزیری مەعاریف ئیسماعیل عارف، لەگەڵ پارێزگاری کوت و (ئەنوەر ثامر)ی زاوای عەبدولسەلام عارف و زۆر بەرپرسی دی. دوای (٣) ساڵ مانەوەی لەو شارەدا، لە ساڵی ١٩٦٥ دەگوێزرێتەوە شاری کۆیە، لەو کاتەوە هەوڵێکی زۆر دەدا تاکوو تیپێکی مۆسیقای (ئەهلی) دامەزرێنێ، م. زاهیر محەمەد پێی وایە هەڵەیەکی مێژوویی کراوە کە جارێکی دی ناویان لە تیپەکەیان ناوەتەوە (تیپی مۆسیقای باواجی)، چونکە ئێستاش هەندێ کەس وا دەزانن ئەو تیپە هەر (تیپی باواجی)یەکەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەیە.

* تیپی مۆسیقای باواجی لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی هەبووە و بەشدار بووە، لە یەکەمین فیستیڤاڵی

هونەری کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی کوردستان یەکەم بووە، بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە ئەوان لەبەر زۆریی ئەندامانی بەشداربوویان، بە پلەی (ئیمتیاز) دەرچوون، واتە نەخرانە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە. لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لە ساڵی ١٩٧٢، مۆڵەتی فەرمیی تیپەکە لە وەزارەتی (ئیعلام)ی عێراقی بۆ وەردەگرن و (١٠) کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر دەبنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر. لەو ماوەیەی لە تیپی باواجی-دا کاری کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاوازی داناوە و گۆرانی ئامادە کردووە، بەڵام کەمێکیان لێ تۆمار کراون، ئەوانەی تۆمار نەکراون بە نۆتە نووسراونەتەوە و لە دووتوێی کتێبدا ئامادەکراون بۆ چاپ. دوای ئەوەی تیپی مۆسیقای باواجی بەرهەمێکی زۆر و چالاکی و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حکوومەت شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، ئەو تیپە بە بڕیارێکی ستەمکارانەی ڕژێم هەڵوەشاوەتەوە و ماوەی (٩) ساڵ لە کار و چالاکی وەستاوە، تا جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ مۆڵەتی ڕەسمی بۆ دامەزراندنەوەی وەردەگیرێ.

* لەو ماوەیەی تیپەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە بە (موحازەرە) وانەی مۆسیقایان گوتووەتەوە، هەر لەو کاتەشدا تیپێکی مۆسیقا بەناوی (مەڵبەند)ەوە دادەمەزرێنن کە بەشداری ئاهەنگی ناو شار و دەرەوەی کۆیەشیان کردووە، هەروەها لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاوان لە شاری حیللە بەشدار دەبن، جارێکیش لە شاری (سەماوە — موسەننا) بەشداری لە چالاکییەکی دیکەی مەڵبەندەکانی لاواندا دەکەن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٦وە لە شاری هەولێر دەژی، ناوبەناو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی، بەشداری هەندێ چالاکی دەکات و لە هەندێ بۆنەدا وەک یادی تایەر تۆفیق و ڕۆژی هونەر لە کۆیە بەشداری کردووە. لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەو تیپە کۆنسێرتێکی گۆرانی لەسەر شانۆی (سەنتەری لاوانی کۆیە) پێشکەشی جەماوەر کردووە کە (٨) گۆرانی نوێ بووە، ئێستا لە تۆمارگەی (هیوا) لە کۆیە، بە CD دەفرۆشرێ و ڕەواجێکی زۆریشی هەیە.

* م. زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەریی خۆیدا، بەهۆی بەخشش و کار و چالاکییە زۆروزەوەندەکانی، چەندان جار بە خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامە لەلایەن داوودەزگا فەرهەنگی و حکوومییەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، هەندێ جار وەک ئەندام و سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای باواجی و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ ڕێز لە خۆی نراوە، لەوانە: خەڵاتی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات، تەمموزی ساڵی ١٩٧٣. بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمپانیای (چوارچرا)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/٥، لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەوە (عیرفان عەبدولڕەحمان زەنگەنە)، ڕێزی لێ گیراوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری فەلەکەددین کاکەیی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆڕش، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. لە ٢٠٠٦/٣/٣١ کە ڕۆژی هونەرە لە کوردستان، لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر نەوزاد هادی ڕێزی لێ نراوە. لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لەبارەی لاوک و حەیران قسەی کردووە، ئەوانیش لە پای ماندووبوونەکەی ڕێزیان لێ ناوە، هەروەها بە یادی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، دوو ساڵ لەسەر یەک ٢٠١٤/١٠/٢٢ و ٢٠١٥/١٠/٢٢ خەڵاتیان کردووە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧، لە کۆیە خەڵاتی (سەید برایم)یشی پێ بەخشراوە.

* لە پاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی کەمان (ڤیۆلۆن) وەردەگیرێ و دەگاتە ئاستێکی زۆرباش لە ژەنینی ئەو ئامێرەدا، هەرچەندە ئێستا بەهۆی تەمەنەوە پتر خەریکی عودژەنینە.

جارێکیان لە پشووی نیوەی ساڵ کە گەڕاوەتەوە کۆیە، هەر ئەو کاتە سەردانی سلێمانی دەکات و لەوێ حەمەساڵح دیلان-ی شاعیر و دەنگخۆش و هونەرمەند (قادر دیلان)ی برای دەکات، ئەوکاتە حەمەساڵح دیلان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی فەرمانبەر بووە کە بیناکەیان بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ بینینی هەردوو هونەرمەند نەجاتی عەبدە و حاتم سەعید کە بە (حاتەمەڕەش) ناسراوە، چووەتە شارەوانی سلێمانی، هەر لە شارەوانی هونەرمەند جەمال بەختیاری دیوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان (بێجگە لە حەمەساڵح دیلان) لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکدەگرنەوە، هەندێ گۆرانی بە تۆمارکەری گروندیک بە بەکرە (تێپ) تۆمار دەکەن، کە یەکێکیان گۆرانی (باران بارانە) بووە و بە دەنگی قادر دیلان وتراوە، زاهیر محەمەد و ولیەم یوحەننا بە کەمان و هونەرمەندەکانی دیکەش هەریەکەیان بە ئامێرەکانی خۆیان مۆسیقایان بۆی ژەنیوە.

* پێوەندی هاوڕێیەتی و دۆستانە و هونەریانەی م. زاهیر محەمەد لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بووە، ئەو پێوەندییە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە هونەرمەند پۆلی دووی ناوەندی بووە، کاتێک هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووان و لێقەوماوانی شاری سلێمانی، بەهۆی لافاوەکەی ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٨، هاتوونەتە کۆیە و ئاهەنگێکی گەورەیان ساز داوە، هەر ئەو کاتە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە وەک کۆمەک و یارمەتی، بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ کۆدەکرێتەوە، هاتنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کۆیە، زۆر کاریگەری بەسەر ئەم هونەرمەندەوە هەبووە، کە بۆ یەکەم جار تیپێکی مۆسیقای دیوە و ڕاستەوخۆ گوێی لە مۆسیقا و گۆرانی بووە، ئیتر لەو کاتەوە مەیل و ئارەزووی بۆ هونەر جووڵاوە و پەرەی سەندووە، ئەمە هەر ئەو ساڵە بووە کە م. باکووری هاتووەتەوە کۆیە و لەناوەندیی کۆیە وانەی ئینگلیزی پێ گوتووەتەوە، م. باکووری و سێوە لەو ئاهەنگە گەورەیەی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە گۆرانی و مەقام و مۆسیقا بەشداربوون. بۆ ساڵی دواتر، لە هاوینی ١٩٥٨، لەسەر داوا و بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، تیپی مۆسیقای مەولەوی بەسەرپەرشتیی قادر دیلان، ئاهەنگێکی گەورەی هونەری پێشکەشی جەماوەری شاری کۆیە دەکەن، خەڵکێکی زۆر لەناو یانەی فەرمانبەران و سەر گردی قشڵەی کۆیە، ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو ئاهەنگەدا، لەسەر داوای قادر دیلان، بە ئامێری عود، ژەنینێک پێشکەشی ئامادەبووان دەکات.

* من بۆ خۆم هونەرمەند زاهیر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٣وە لە نزیکەوە دەناسم، ئەو کاتە زووزوو سەردانی شاری کۆیەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددینماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی-م بوو، چونکە لەو کاتانەدا زۆر هاموشۆی ماڵیانم دەکرد، لەبەر ئەوەش کە وەک کەمانژەنێک ئەندامی تیپی باواجی کۆیە بوو، لەولاشەوە کوڕە پوورێکم کە ناوی ئەمیر مستەفا (دڵبەند) لەو تیپەدا کۆرس بوو، بۆیە زۆر ئێوارەی ئەو ڕۆژانەی لە کۆیە دەبووم سەردانمان دەکردن، ئەوان خەریکی ڕاهێنانەکانی خۆیان بوون، منیش وەک گوێگرێک و بینەرێک لەلایان دادەنیشتم. لەمێژ بوو دەمویست گفتوگۆیەکی قووڵ و بەرفراوان لەگەڵ م. زاهیر محەمەد بکەم، بۆ ئەوەی کارێک بێ لە قەبارە و گەورەیی بەخششەکانی بوەشێتەوە، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٦ بەشێکم لە گفتوگۆکەمان تۆمار کرد، بەڵام تەواومان نەکرد و مایەوە، تا لەو دواییە تێهەڵچووینەوە و چەند بەشێکی دیکەمان تۆمار کرد، لە گفتوگۆکەدا بە تێروتەسەلی باسی هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی هونەری و نووسینەکانی کرا، بیروڕای ئەومان لەبارەی زۆر لایەنی گرنگی هونەری وەرگرت، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینەکەمان بخوێننەوە و بە بیروبۆچوون و کار و بەرهەم و بەخششەکانی ئاشنا بن.

**ڕامان:** باسی ئەندامانی تیپەکەت کرد، کە لەلاتان ژەنیاربوون، ئەوانە چۆن پەیدا کران، وەک دەزانی ئەو ژەنیارانە پێویستن و دەبێ هەبن؟

**زاهیر محەمەد:** دوای مۆڵەت وەرگرتن بانگەوازمان کرد، خەڵک خۆیان دەهاتن، کۆیە تا ئەمڕۆش ڕوحییەتێکی زۆر پێشکەوتووی هونەرییان هەیە، هەرچەندە ئێستاکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بزاڤی هونەری تۆزێک سست بووە، بەڵام پێشتر هونەرمەندەکان بە خۆبەخش دەهاتن، هیی وایان تێدا بوو لە کۆرسی ئافرەتەکان لەگەڵمان بوو، ئەو کاتی ئەو تیپی کۆرسەی ئێمە هەمانبوو، لە هیچ جێیەک نەبوو، بەداخەوە ئێستا ئەوە نییە، ئێستا دوو کەسیش ئامادە نین، ئەوسا بە خۆبەخشیش زۆربوون.

**ڕامان:** ئێستا ژمارەی ئافرەتەکان لە تیپەکەدا، لە جاران کەمترن؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتە تیپێکی کۆرسی ئافرەتانمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەو ئافرەتانەی هاتنە لاتان، ژمارەیان چەند بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ژمارەیان زۆر بوو، ئەوانەی ئێمە هەڵماندەبژاردن و دەمانبردن بۆ ئاهەنگ، یان بۆ تۆماری ئێزگە و تەلەفزیۆن، لەوانەیە شەش حەوت ئافرەت بووبن، بێجگە لە کوڕەکان، وەک لە وێنەکان دیارن، ئەگەر هەندێک لە ناوەکانم لەبیر مابن، ئێستا زۆربەیان بوونەتە دایک، لەوانەیە بووبێتنە خەسووش، پیاوەکان بوونەتە باپیر، ڕەنگە هەندێک لەوانەم لەبیر مابن، با هەر بۆ مێژوو هەندێ ناو بڵێم، یەکێکیان لەگەڵ خوشکەکەی، ئێستاکە لە سوید دەژی، بە بەردەوامی پێوەندیمان بە یەکەوە هەیە، ئێستاش ڕوحییەتی هونەری هەیە، ناوی نادیە کەریم حەمەد بوو، لە کۆیە کەریمی حەمەد شەلی پێ دەڵێن، خوشکەکەی خێزانی مامۆستا هەژاری هونەرمەندی کەمانژەنە، یەکێکی دیکەیان نەسرین ئیسماعیل حاجی سابیر، جوان تاهیر، ئەوانەم لەبیر ماون.

**ڕامان:** مەرجی وەرگرتنی ئەو ئافرەتانە چی بوو، تەنیا دەبووایە دەنگیان خۆش بێ؟

**زاهیر محەمەد:** دەنگیان خۆش بوو، ئێمە خۆمان چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دەکردن و هەڵماندەبژاردن، وەک لیژنە دادەنیشتین، من و وریا ئەحمەد و سەردار ئەحمەد ئەندامانی لیژنەکە بووین، گوێمان لە دەنگیان دەگرت، دەنگخۆشی زۆر چاکیان تێدا هەڵکەوتبوو.

**ڕامان:** ئەی چۆن پێوەندیتان بە (م. ئازاد بیلال بەهائەددین)ەوە کرد؟

**زاهیر محەمەد:** ئازاد بیلال بەهائەددین بۆخۆی مامۆستای ئینگلیزی بوو، لە کۆیە دامەزرابوو، خۆی هات لەگەڵ ئێمە کەوتە کارکردن.

**ڕامان:** پێشتر دەیزانی ئامێرێک بژەنێ؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەندێکی لێ دەزانی، وریا ئەحمەد کە دەرچوو، ئەویش لە خانەی مامۆستایان فێری مۆسیقا ببوو، لەگەڵ ئێمە زیاتر پێشکەوت، فێری نۆتە بوو، بێجگە لە گۆرانی و ڕاهێنانی گۆرانی و کۆرس، وانەی مۆسیقاشمان دەگوتەوە، وانەی فێربوونی نۆتەمان هەبوو.

**ڕامان:** م. ئازاد بیلال بەهائەددین فێری نۆتە بوو؟

**زاهیر محەمەد:** تا ڕادەیەک فێر بوو، دوایی لەسەر کاری مۆسیقا بەردەوام نەبوو.

**ڕامان:** ئەی جان تۆماس-تان لە کوێ هێنا؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتی جان تۆماس لە گوندان دامەزرابوو، دوایی بە هەوڵی ئێمە

هاتەوە ناو شاری کۆیە.

**ڕامان:** جان تۆماس ئامێر ژەنین لە کێ فێر بووبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو لە سلێمانی، لە هونەرمەند ویلیەم یوحەننا فێر بووبوو، بەهۆی خزمایەتییەوە لە ماڵی ویلیەم یوحەننا بوو، لەوێ فێر بووبوو. پێشتریش لە تیپی قوتابیان بوو، ئەو کاتە لە کۆیە بوو، زۆر منداڵ بوو، دەف و تەپڵی لێدەدا، لەبەر ئەوەی گچکە بوو، نەیدەتوانی کەمان لێ بدات. دوایی کە لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەرچوو، ئەو کاتە کەمان فێر بووبوو.

**ڕامان:** ئەی ئەندامانی کۆرس کێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** کۆرسی کوڕەکان، سەلاح محەمەدی برامی لەگەڵ بوو، کوڕەکانی جەلال جۆبار یەک دووانێکیان، کچەکانیشی کۆچەر و ئارام جەلال جۆبار کە ئێستا لە کۆیەن، کوڕەکانی ئیسماعیلی مەلایان، قوباد جەلی زادە، کە ئێستاکە دادوەری خانەنشینە، دوو براکەی دوکتۆر ئاسۆ و ئاشتی، ئەوانەش لەگەڵ ئێمە بوون. کوڕێکی دیکە هەبوو، دوایی بوو بە گۆرانیبێژیش، ناوی شوان عەبدوڵڵا بوو، وابزانم ئێستاکە لە دەرەوەی وڵاتە، ئەوانە بوونە کۆرس و زۆریش پێشکەوتن.

**ڕامان:** بێجگە لە کۆرس و ئەوانەی ناوت بردن، ئەی ئەوانەی لەسەر دەستی تۆ فێری ئامێرێک بوون، ئەوانە کێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێک لەوانەی من فێری ئۆکۆردیۆنم کرد، ئێستاکە لە هەولێر ئەندازیارێکی زۆر بەناوبانگە، چاپووک شەفیق ئاغا حەوێزی، ئەوە ئۆکۆردیۆنی لێدەدا، من فێرم کرد، زۆری دیکەش هەبوون، زۆر کەس دەهاتن، هەندێک هەبوون دەهاتن، دوای ماوەیەک دەڕۆیشتن، ئەوانە کە دەڕۆیشتن هیی دیکە دەهاتن، ئەوە سروشتی تیپ ئاوایە، خەڵک دێ و خەڵک دەڕوات، هەموو



**کۆیە، ١٩٧٣/٣/٢١، (نەورۆزی کۆیە)، گۆرانیبێژ ڕوقیا عەبدوڵڵا مەلا سابیر، لەگەڵ کۆرس، موزیکژەنەکان لە ڕاستەوە: سەردار ئەحمەد، زاهیر محەمەد، وریا ئەحمەد، ئەنوەر تاهیر، محەمەد ئیسماعیل، نەوزاد قادر.**

تیپێک وایە، تاسەر وەک خۆی نامێنێتەوە، زۆر کەم هەن بە بەردەوامی بمێننەوە.

**ڕامان:** من ساڵی ١٩٧٣ - ١٩٧٤ دەهاتم سەردانی تیپی مۆسیقای باواجی-م دەکرد، تۆم لەوێ ناسی، نازانم لە بیرت ماوە، یان نا، لەگەڵ ئەمیر مستەفای پوورزام دەهاتم، کە ئەویش ئەندامی کۆرسەکەتان بوو.

**زاهیر محەمەد:** ئێستا ئەمیر مستەفا لە کۆیەیە ؟

**ڕامان:** ئەمیر مستەفا ئەمری خوای کرد، بەهۆی پێشمەرگایەتیی براکانییەوە لە دایرەی ئەمن ئەشکەنجەی زۆریان دا، دوای ماوەیەک کۆچی دوایی کرد، ئەوجا بەهۆی ئەوەوە کە لەلاتان کۆرس بوو، دەهاتمە تیپەکەتان، هەروەها م. ئازاد بیلال بەهائەددین کە ماڵیان بەرانبەر ماڵی (تاهیر ئەحمەد حەوێزی)ی خاڵم بوو، ئەویشم دەناسی، بۆیە چەند جارێک هاتمە تیپەکەتان، دەمویست بزانم چۆن ئیش دەکەن، نیازیشم بوو بۆ زیاتر ناساندن و بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەوانی، ڕێپورتاجێکتان لەبارەوە ئامادە بکەم.

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، زۆر کـەس دەهاتـن. دەزانـی ئـەو کاتـی تیپەکەمـان بارەگاکـەی لـە کـوێ بـوو؟

**ڕامان:** لەبیرمـە بارەگاکەتـان لـە نزیـک یانـەی فەرمانبەرانـی کۆیـە بـوو.

**زاهیر محەمـەد:** لـە تەنیشت یانـەی فەرمانبەران بینایـەک هەبـوو، ئەوەمـان سـاڵی بـە شەسـت دینـار گرتبـوو، دوای ئـەوەی بارودۆخەکـە ناخـۆش بـوو و سـاڵی ١٩٧٤ی بەسـەردا هـات، ئیـدی تیپەکـە هەڵوەشـایەوە، هـەر لـە بەغـداوە هەڵیانوەشـاندەوە.

**ڕامـان:** پێش ئـەوەی بچینە سـەر هەڵوەشانەوەی تیپەکە و پێوەندیکردنی بەشێکی ئەندامانی تیپەکە بـە شۆڕشـەوە، باسـی ئـەوە دەکەیـن کـە تیپـی مۆسیقای باواجی، یەکێک لـە تیپـە بەرچاوەکانـی کوردسـتان بـوو، کـە لـە بەغـدا، لـە چالاکییەکـی هونەریـی گـەورەدا، بـە نـاوی میهرەجانی هونـەری کـوردی بەشـدار بـوو.

**زاهیر محەمـەد:** ئێمـە کـە مۆڵەتەکەمـان وەرگرت، بـە گەرموگـوڕی و یەکسـەر دەسـتمان بـە چالاکـی کـرد، هەندێـک گۆرانیمـان ئامادە کـرد، دوای ئەوەی تەلەڤزیـۆن پەیـدا بـوو، ئاخـر تەلەڤزیۆنـی کەرکووک هەبـوو، بـەڵام گۆرانییـەکان لە بەغدا تۆمار دەکران، دوو کۆمەڵـە بەرهەممـان لـە بەغـدا تۆمـار کـرد، هـەردوو کۆمەڵـە گۆرانییەکەمـان ڕاسـتەوخۆ تۆمـار کرد، وێنـە و دەنگەکەمـان بەیەکـەوە تۆمـار دەکرد، ئـەو کاتیـش جـەلال بێتووشـی لـە بەغـدا مابـوو، لـە جێبەجێکردنـی دیکـۆرەکان و ئیشـوکارەکانمان، هاوکارییەکـی زۆر چاکـی کردیـن. پیاوێـک هەبـوو کـە ئەویـش دەرچـووی ئەڵمانیـا بـوو، دۆسـتی جـەلال بێتووشـی بـوو، نـاوی خالیـد سـەعید و خەڵکـی سـلێمانی بـوو.

**ڕامان:** خالیـد سـەعیدی هونەرمەند، لـە تەلەڤزیۆنی بەغـدا دیکۆرکێـش بـوو، هونەرمەندێکـی نیگارکێشـی گـەورەش بـوو، لـە سـاڵانی پێـش مردنـی گەڕایـەوە سـلێمانی.

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەو هونەرمەنـدە کـە دەرچـووی ئەڵمانیـا بـوو، دیکـۆرەکان هەمـووی ئـەو بـۆی جێبەجـێ دەکردیـن. هیـی جـاری یەکـەم، لـە هۆڵێکـی گـەورە کـە هۆڵـی ژمـارە چـوار بـوو، چـوار دیکـۆری زۆر جـوان و گـەورەی بـۆ کردیـن، لـەو چـوار دیکـۆرە ئێمـە کۆمەڵێـک گۆرانیمـان تۆمـار کـرد، ئەوکاتـە دەرهێنەرەکـە نـاوی حسـێن نەسـراوی بـوو، ئـەو گۆرانییەکانـی بـۆ دەرهێنایـن.

**ڕامـان:** ئـەی جـاری دووەم کـێ گۆرانییەکانـی بـۆ دەرهێنـان؟

**زاهیـر محەمـەد:** جـاری دووەم هونەرمەنـد ناسـر حەسـەن بـوو کـە ئێسـتاکە لێرەیـە (لـە هەولێـرە)، پێشـتریش نووسـراومان بـۆ تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک نووسـیبوو، کـە هەندێـک گۆرانـی لەلایـان تۆمـار بکەیـن، هەرچەنـدە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک زیاتـر هیـی هـەواڵ خوێندنـەوە بـوو، سـتۆدیۆیەکیان هەبـوو زۆر گچکـە بـوو، نیـوەی ئـەو ژوورەی ئێسـتا بـوو کـە لێـی دانیشـتووین، سـتۆدیۆیەک نەبـوو بـۆ گۆرانـی و نوانـدن و چالاکـی دی دروسـت کرابـێ، ئـەوان ڕەزامەندییـان دابـوو کـە بچیـن لـە کەرکـووک بەرهەمەکانمـان تۆمـار بکەیـن، لـە بەینـی جـاری یەکـەم و جـاری دووەم کـە لە بەغداوە دەهاتینەوە، لـە ڕێگـە لامـان دا تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک کـە لەسـەر ڕێـی بەغدایـە، گوتیـان ڕەزامەندیمان لەسـەر نووسـراوەکەتان داوە، کـەی بـۆ تۆمارکـردن دێـن؟

**ڕامـان:** لـە دوو لاوە دەرگای ڕەحمەتتـان لـێ کراوەتـەوە.

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، ئـەوە ئێمـە کۆمەڵێـک بەرهەممـان لـە بەغـدا تۆمـار کـردووە، بێگومـان دوایـی گۆرانییـە تۆمارکراوەکانیـان لـە بەغـداوە

دەناردەوە کەرکووک. پێیان گوتین ئەی ئێمە؟ گوتمان ئامادەین بە ماوەی کەمتر لە مانگێک، کۆمەڵێک بەرهەمتان بۆ ئامادە بکەین و دێین لێرە تۆماریان دەکەین، ئەوجا ئەو کاتە پارەشیان نەدەدا، هەر بۆ خەرجیی ڕێگە پارەیەکی زۆر کەمیان دەدا، بە ماوەیەکی کەم کۆمەڵێک بەرهەممان ئامادە کرد، چووین لەو ستۆدیۆ گچکەیەی ئەوێ تۆمارمان کردن.

**ڕامان:** بەرهەمەکان چی و چی بوون، ناویانت لەبیر ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێک لەو گۆرانییانەی لە بیرم ماوە، «بزمارە و بزمارە» بوو، کە گۆرانییەکی فولکلۆری بوو، گۆرانییەکە دەورێکی منی تێدا بوو، پێشتر بۆ یەکێکی دیکەم (دلێر سادق) ئامادە کردبوو، بەڵام لەبەر پەلە پەل کردن پێی ڕانەدەگەیشتین، بۆیە لەوێ خۆم ئەو دەورەم وەرگرت، ئەو گۆرانییە دوو سۆڵۆی تێدایە، بەناچاری خۆم وەرمگرتن.

**ڕامان:** لە ستۆدیۆی بەغدا، یان کەرکووک ئیشەکانتان باشتر جێبەجێ دەکران و بەپیرتانەوە دەهاتن، یان پاکتر بۆتان تۆمار دەکرا، مامەڵەی کام تەلەڤزیۆنەیان لەگەڵتان باشتر بوو؟

**زاهیر محەمەد:** تۆمارکردن لە بەغدا هونەریتر بوو.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەوان ئامێری پێشکەوتووتریان هەبووبێ؟

**زاهیر محەمەد:** هیی بەغدا هونەریتر بوو، لەوێ یەک دوو مایکرۆفۆنیان بۆ دانابووین، هیی کەرکووک جێگەیەکی تەسک و ناخۆش بوو، بەڵام گۆرانی زۆر خۆشیشمان لەلایان تۆمار کرد، هەموو خەڵکی ڕایان لێ بوون، دوایی کە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک ناو بە ناو پێشان دەدران و بڵاویان دەکردنەوە، دەیانگوت سبەینێ بەرهەمەکانی تیپی باواجی بڵاو دەکەینەوە، ئەو کاتە تازە تەلەڤزیۆنیش پەیدا بووبوو، خەڵکی لە کۆیە، بەتایبەت لە یانەی فەرمانبەران، لە هۆڵەکە کورسییەکانیان ڕیز دەکرد و بەرانبەر تەلەڤزیۆن لێی دادەنیشتن، ئەو شەوە چەند گۆرانییەکیان پێشکەش دەکرد، پاشان دەیگوت بۆ شەوی دووەم، بەشەکەی دیکە تەواو دەکەین، وەک سینەما خەڵکی چاوەڕێی بەرهەمەکانی دیکەیان دەکردین.

**ڕامان:** ژمارەی بەرهەمە تۆمارکراوەکانتان لە بەغدا چەند بوون؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر بوون، جاری یەکەم لەوانەیە هەشت بۆ نۆ بەرهەم بووبن، ئێستا لە بیرم نەماون، بەڵام لەلای خۆم نووسیومنەتەوە، هەموو ئەوانەم بە دوکیۆمێنت لەلای خۆم هەیە، زۆرجاریش بڵاوم کردوونەتەوە.

**پێشتر هونەرمەندەکان بە خۆبەخش کاریان دەکرد.. گۆرانیبێژیش بە ڕاهێنان پێشدەکەوێ.**

**ڕامان:** ئێستا حەز دەکەم بزانم بە ژمارە و بە تەواوی لە کەرکووک چەند بەرهەمتان تۆمار کرد، لە بەغدا چەند گۆرانیتان تۆمار کرد؟

**زاهیر محەمەد:** ژمارەکانم بە تەواوی لە بیر نەماوە، بەڵام ئێستا هەمووی لەلای ئەمیر کەبابچی هەن و زۆربەیان ماون، بێگومان ئەوانەی بەغدایان دەناردەوە تەلەڤزیۆنی کەرکووک بۆ پەخش کردن.

**ڕامان:** ئەی ئەو گۆرانیبێژانەی دەهاتنە لاتان، چۆن و بە چ پێوەرێک تاقیتان دەکردنەوە و هەڵتان دەبژاردن؟

**زاهیر محەمەد:** گۆرانیبێژ هەبوون کە دەهاتن بۆ کۆرس، یان ئەوانەی دەیانگوت گۆرانیمان هەیە، تاقیمان دەکردنەوە، ئەگەر باش بووان،

یارمەتیمان دەدان، ڕاهێنانی زۆرمان لەگەڵ دەکردن، یەکێک لەوانە ئیبراهیم سابیر، گوتیان ئەوە لاسایی دەنگی حەسەن زیرەک دەکاتەوە، من بانگم کرد بێتە لامان، تەماشام کرد دەنگی زۆر خۆش بوو، گۆرانیی (حەسەن زیرەک)ی دەگوتەوە، ئیتر نەک هەر من، بگرە هەموومان یارمەتیمان دا و هەوڵمان لەگەڵی دا، گۆرانیبێژ بە ڕاهێنان چاک دەبێ و پێشدەکەوێ.

**ڕامان:** بە حوکمی ئەوەی لە بواری مۆسیقادا کارت کردووە، ئاوازت بۆ زۆر کەس داناوە، زۆر بەهرەت ناساندووە، وەک تیپی مۆسیقای باواجی کە لە کۆیە خۆت سەروکارت کردووە، باسی ئەو دەنگخۆشانەم بۆ بکە کە یەک یەک هاتوونەتە تیپی باواجی، بەلای منەوە ئەوەی جێی سرنج و دەستخۆشییە، ئێوە بێجگە لەو گۆرانیبێژانەی لە تەمەندا هەڵکشابوون، کۆمەڵێک مێرمنداڵ و لاوتان هێنایە پێش، ئەمانە چۆن هاتنە لاتان، چۆن ئەو بەهرانەتان دۆزییەوە، حەز دەکەی سەرەتا لە قاسم فەرەجوڵڵا و دلێر سادق و سەلاح پشدەری و گوشاد کەمال و ئەمانە دەست پێ بکە، لەولاشەوە ئیبراهیم سابیر و برادەرەی دی وەک حەمە بگرس کە پێشتر باسمان کرد.

**زاهیر محەمەد:** حەمە بگرس، دوای حەفتاکان بوو.

**ڕامان:** جارێ ئەوانەی سەرەتا هێناتن، کێ و کێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێک لەوانەی سەرەتا هێنامان ئیبراهیم سابیر بوو، کە هاتە تیپ و لە بەغدا گۆرانیمان بۆ تۆمار کرد، ئێمە کۆرسێکی زۆر باشمان هەبوو، چونکە هەموو ڕۆژێ ڕاهێنانمان پێ دەکردن، بەتایبەتیش لەسەر سۆلفێج ڕاهێنانمان پێ دەکردن، فێرمان دەکردن



**بەغدا، ٢٠/٧/١٩٧٣، (وەفدی هونەریی لاوانی کورد، بۆ میهرەجانی لاوانی جیهان لە بەرلین)، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: جەلال عەزیز، ئەنوەر قەرەداغی، ئەنوەر توفی، زاهیر محەمەد، قادر کوردی، وریا ئەحمەد. ئەوانەی بە پێوەن لە ڕاستەوە: ئەنجوم زوهدی، شیرین سالح پێداوی، ساکار، گوڵاڵە، هەلالە.**

کە بە سۆلفێج هەندێک لە گۆرانییەکان بڵێن، ئەو کۆرسانە هەموویان قوتابیی سەرەتایی و ناوەندی بوون، لەوانە دەنگخۆشی چاکیان تێدا بوو، دەنگخۆشەکانمان هەڵدەبژارد، یەک لەوانە برای ئیبراهیم فەرەجوڵڵا، قاسم فەرەجوڵڵایە، وابزانم پۆلی پێنج، یان شەشی سەرەتایی بوو لە قوتابخانەی زانست دەیخوێند.

**ڕامان:** پرسوڕاتان بە دایک و باوکیان دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، باوکیشی هەر لە هەمان قوتابخانە خزمەتگوزار بوو، ئەوە لە سروود و گۆرانییەکان دەنگی خۆش بوو، گۆرانییەکم بۆ ئامادە کرد و هێنام لە تیپی باواجی تۆمارمان کرد، دواتر بردمانە بەغدا، دوایی هەندێک لەوانی دیکە لەوانە سەلاح پشدەری، ئەوە لە قەڵادزێ بوو، زانیمان دەنگی خۆشە، یەک دوو جار هاتە کۆیە و گۆرانیمان بۆ ئامادە کرد، هونەرمەند شەوکەت ڕەشیدیش گۆرانییەکی بۆ ئامادە کرد، ئەوەشمان هەر لەگەڵ تیپی

باواجی تۆمار کرد.

**ڕامان:** ئەی ئافرەتی بەهرەدارتان هێنایە پێشەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵی، لە ئافرەتەکانیش هەبوون دەنگیان زۆر خۆش بوو، یەکێکیان ناوی ڕوقیا عەبدوڵلا سابیر بوو، ئەوە دەنگی زۆر خۆش بوو.

**ڕامان:** ئەوەیان خەڵکی کوێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** خەڵکی کۆیە بوو، ئەوە و ئافرەتەکانی دیکەش لە کۆرس بوون و دەنگیان خۆش بوو، هەندێک گۆرانیمان بۆ ئامادە کردن.

**ڕامان:** ئیشێکی زۆر باشتان کردووە، وەک دیارە بایەختان بە دەنگی ئافرەتانیش داوە.

**زاهیر محەمەد:** کۆرسێکی زۆر بەهێزمان هەبوو، کۆرسی ئافرەتان و کوڕانیشمان هەبوو.

**ڕامان:** بێجگە لەو ڕوقیا عەبدوڵلایە، لەناو ئافرەتەکان، ئەوانەی گۆرانییان گوت کێی دیکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** هەبوون، یەک دووەکی دی هەبوون، لەوانە دیمەن جەلال جۆبار گۆرانی (ئەی کیژە کۆچەری باڵا سنەوبەر) کە شیعری باوکیەتی وت، بەلام ئەو ڕوقیا عەبدوڵلایەم پێشتر دەناسی، چونکە دراوسێمان بوو.

**ڕامان:** دوایی کە ناوی دیکەت بەبیر هاتنەوە، پێم بڵێی خراپ نییە.

**زاهیر محەمەد:** ڕوقیا عەبدوڵلا خزمێکی خۆیشی کە ئێستا لە هەندەرانە، ئەویش دەنگی زۆر خۆش بوو، ئێستا هەموو ناوەکانم لە خەیاڵ نییە، ئەوانی دیکە، ئەو گۆرانیبێژانەن کە بمانزانیبا باشن، گۆرانیمان بۆ ئامادە دەکردن و دەمانهێنانە پێشەوە و دەبوونە گۆرانیبێژ، بەتایبەت لاوانی کۆرس، چونکە هەمیشە گۆرانیبێژ لە کۆرس بەدەردەکەوێت، کۆرس ڕاهێنانەکەی بەردەوامە، کە بەدەرکەوت و دەمانزانی دەنگی خۆشە و دەبێتە گۆرانیبێژ، گۆرانیمان بۆ ئامادە دەکرد و بۆی تۆمار دەکرا و دەبووە گۆرانیبێژ، زۆرمان لەوانە هەبوون.

**ڕامان:** ئەو ڕاهێنانە زۆرە، لە خولی هاوینان بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، خولی هاوینانمان بۆیان دەکردەوە، بۆ فێرکردنی مۆسیقا و گۆرانی ئەو خولانەمان دەکردەوە، سۆڵفێجیشمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەو سۆڵفێجە جودابوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەلام وەک تیپ بەردەوام بووین، ئەگەر پێویست بووایە ئەندامانی کۆرسمان دەهاتنەوە، بۆمان دەستنیشان دەکردن چ ڕۆژێک بێن، ئەگەر بۆنەیەک هەبووایە، یان بۆ تۆمارکردن لە ئێزگە و تەلەفزیۆن، ئەوە پێمان دەگوتن، ئەوانیش دەهاتن، ئەوە لەدوای حەفتاکانەوە، کە مۆڵەتمان وەرگرت، بارەگامان هەبوو، بەردەوام ڕاهێنانمان دەکرد، ڕۆژانە ئەندامانی کۆرس دەهاتنەوە.

**ڕامان:** ئەوە لەو لاوانە باسی سێ کەست کرد، دوای ئەوان هێنانی ئیبراهیم سابیر-مان بۆ باس بکە، ئەو بەهرەیەتان چۆن دۆزییەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە قوتابخانەی زانست خوا لێی خۆشبێت م. عەبدولواحید قەهار لەگەڵمان بوو، ئەو کاتی وەک مامۆستا بە یەکەوە بووین، ئەوان باخچە و ڕەز و باخیان هەبوو، لە ئومەرخوچان هاوینان دەچوونە سەر ڕەز و باخ و لەوێ دەمانەوە، ڕۆژێکی گوتی کەسێک لە باخچەکەی بەرانبەرمان هەیە دەنگی خۆشە، بۆچی نایبەنە لای خۆتان؟

**ڕامان:** مەبەستت باخچەکەی ماڵی دڵزار و کەریم شارەزا بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەلام ئەوان سالانە بەکرێیان دەدا، گوتیان یەکێک لەناو باخچەکان

هەیە، دەنگی خۆشە و گۆرانی خۆش دەڵێت، بەتایبەت کە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەڵێت، بۆ نایهێنن لە تیپەکەتاندا سوودی لێ وەربگرن. منیش گوتم پێی بڵێ با بێت سەردانی تیپ بکات، ئێوارەیەک هاتە تیپەکەمان، ئیبراهیم سابیر بوو، هەموو هونەرمەندەکان دانیشتبووین و ڕاهێنانمان دەکرد، پێمان گوت گۆرانییەک بڵێ، دەستی پێکرد و گۆرانییەکی (حەسەن زیرەک)ی گوت، دەنگی هەر زۆر خۆش بوو، وەک حەسەن زیرەک دەیگوت، گوتمان تەواو، هەر ئەو کاتە بووە ئەندام و لە ئێزگە و تەلەڤزیۆنیش گۆرانیمان بۆی تۆمار کرد.

**ڕامان:** هەروەک حەسەن زیرەک گۆرانییەکانی دەگوتەوە و لاسایی ئەوی دەکردەوە؟

**زاهیر محەمەد:** یەکەم جار گۆرانیی (حەسەن زیرەک)ی گوتەوە، ئەوەمان بۆ تۆمار کرد.

**ڕامان:** ئێوە گۆرانییەکەتان بۆ دەستکاری نەکرد، دابەشکردن و پێشەکی بۆ دابنێن؟

**زاهیر محەمەد:** پێشەکی مۆسیقامان بۆ دانا، ڕێکمان خست و زۆر باش دەرچوو، دواییش هەندێک ئاوازی دیکەی هەبوو، ئەوانیشمان بۆی تۆمار کرد.

**ڕامان:** دیارە دەستی ئاوازدانانیشی هەبووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، دەیتوانی ئاواز دابنێ، هەندێک ئاوازی میللی، یان هەوای هەڵپەڕکێ و ڕیتمی سووکی هەبوو.

**ڕامان:** ئاوازەکانتان بۆی دەستکاری دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** دوای ئیبراهیم سابیر، حەمە بگرس چۆن هاتە تیپەکەتان؟

**شاری کۆیە تا ئەمڕۆش ڕوحییەتێکی زۆر پێشکەوتووی هونەرییان هەیە.. خەڵکیش زۆر لە کارەکانمان ڕازی بوون.**

**زاهیر محەمەد:** ئەوەی حەمە بگرس من لەوێ نەبووم، ئەوە دوایی بوو، لە هەشتاکان کە تیپەکە دانرایەوە چووبوو. وەک پێشتر گوتمان لە دوای ساڵی ١٩٧٤، تیپی باواجی هەڵوەشایەوە، ماوەی (٩) ساڵان هەڵوەشایەوە، لە هەشتاکان دامانمەزراندەوە، لە هەڵبژاردنی دووەم، لە ئەمنی کۆیە نەیانهێشت من و مەلا ئەنوەر تاهیر خۆمان هەڵبژێرین، نووسراوەکەم هەیە.

**ڕامان:** دواتر دێینەوە سەر دامەزراندنەوەی جاری دووەمی تیپی باواجی، ئێستا پێم باشە باسی ساڵی ١٩٧٤ بکەین، کە شەڕ دەستی پێ کردەوە، چۆن لەناو شۆڕش، تیپی مۆسیقای شۆڕش دروست کرا؟

**زاهیر محەمەد:** من نەچوومە دەرەوە، ئیدی بە ناڕەوا تیپەکەیان هەڵوەشاندەوە، برادەران هەندێک ئامێریشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو.

**ڕامان:** کێ تیپەکەی هەڵوەشاندەوە؟

**زاهیر محەمەد:** هەندێک لە برادەرانی خۆمان بوون، بەڕاستی ئیشێکی خراپیان کرد، تیپەکە هەڵوەشایەوە و بەڕەسمی نووسراومان بۆ هات، دەڵێ تیپەکە هەڵوەشایەوە، لەبەر ئەوەی هەندێک لە ئەندامەکانتان چوونە لای پێشمەرگە، لە نووسراوەکە دەڵێ ئەوان پێوەندییان بە موتەمەردینەوە کردووە، من نەچوومە دەرەوە، ئیتر تیپەکە هەڵوەشایەوە و دوایی لە هەشتاکان دامەزرایەوە.

**ڕامان:** هۆیەکەی چ بوو نەچوویتە دەرەوە؟ خۆ تۆ لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ پێوەندیت بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، من سکرتێری لیژنەی لاوانی کۆیە بووم، بۆیە کە چووم بۆ ئەڵمانیا،

بـەو نـاوەوە چـووم کـە سـکرتێری لیژنـەی لاوان بـووم، دوایـی بەهـۆی ئـەو ناوونیشـانەوە چووینـە ئەڵمانیـا و لـە فیسـتیڤاڵی لاوانـی جیهـان بەشـدار بووین.

**ڕامان:** دوایی باسێکی ئەو چوونە ئەڵمانیایەشم بۆ بکە.

**زاهیـر محەمـەد:** لـە سـاڵی ١٩٧٤ ئێمـە دوو کەسمان هەبـوو سـەر بـە پارتـی بـوون، ئەوانـە لـە ئەمنـی حکوومـەت کاریـان دەکـرد، یەکێکیـان بـرای ئـەو (سەلاح)ـەیە کـە ئۆکۆردیـۆن لێدەدا، هەولێرییـە، ئەوسـا لـە کۆیـە بـوو.

**ڕامان:** سەلاح کێیان پێ دەگوت؟

**زاهیـر محەمـەد:** سـەلاح ڕەفیـق، ئێسـتا لـە ژەنینـی ئۆکۆردیـۆن ژەنیارێکـی جیهانییە، براکـەی لـە ئەمنـی کۆیـە، سـەر بـە ڕێکخستنەکانی پارتـی بـوو، ناوەکەیـم لەبیـر چووەتـەوە، ئـەو کاتـی حکوومـەت لـە سـاڵی ١٩٧٤ لێبوردنـی گشـتی دەرکـرد، گوتـی ئـەوەی لێـرە بمێنێتـەوە، ئەگـەر هاتـو هیچـی لەسـەر نەبـوو، ئـەوە کێشـەی مانـەوەی نییـە.

**ڕامان:** ئاخـر زۆر نەبوو کـە لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە ئەڵمانیا هاتبوویەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** وابـوو، نـاوەکان بـۆ ئەمنـی کۆیە دەهاتـن، پێـم گـوت ئەگـەر دەزانـی دەگیرێـم و نـاوم هەیـە، پێـم بڵـێ. گوتـی ئەگـەر نـاوت هەبـوو، نیوەشـەویش بـێ خەبـەرت دەدەمـێ، ئـەو کاتـە بـڕۆ هەڵـێ، بـەڵام تـا ئێسـتا نـاوی هیـچ کـەس بۆ گرتـن نەهاتـووە، تـا دواییـش نـاو نەهـات، بۆیـە مـن مامـەوە و نەچوومـە دەرێ.

**ڕامان:** تەنیـا هۆیەکـەی ئـەوە بـوو کـە نـاوت بـۆ ئەمنـی کۆیـە نەهاتبـووەوە، بۆیـە نەچوویتـە دەرێ؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەو کاتـی یـەک جاریـش لـە ئەمـن بانـگ نەکـرام، وەک مامۆسـتا هـەر لـە کۆیـە مامـەوە.

**ڕامان:** لە ساڵانی هەشتاکان، چۆن تیپی باواجی مۆڵەتـی وەرگرتـەوە و دەسـتی بـە چالاکییەکانـی کردەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** کـە هەڵوەشـایەوە، نـۆ سـاڵان تیپەکـە داخـرا، هیـچ شتێک بەنـاوی تیپـی باواجی نەمابـوو، مەڵبەنـدی لاوان دانـرا، مـن و سـەردار ئەحمـەد لـەوێ موحازەرەمـان هەبـوو.

**ڕامـان:** لـە مەڵبەنـدی لاوان خولـی مۆسـیقا هەبـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، خولی مۆسیقا هەبوو، ئێـواران دەچوویـن بـە پـارە موحازەرەمـان دەگوتـەوە، ئامێـری زۆر چاکیشـیان هێنابـوو، شـوێنەکە هیـی حکوومـەت بـوو.

**ڕامان:** بێجگـە لـە مۆسیقا، بەشی شێوەکاری و شانۆشـیان هەبوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، ئەوانەشـیان هەبـوو، ئێمـە تەنیا بەشی مۆسیقاکەمان بەڕێوە دەبرد.

**ڕامـان:** تەنیـا ئـەو دووانەتـان چوونـە ئـەوێ، کەسـی دیکەتـان لەگـەڵ نەبـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** تەنیـا مـن و سـەردار ئەحمـەد چووین.

**ڕامـان:** بـەڵام وەک ئـاگادارم سـەردار ئەحمـەد چووبـووە دەرێ؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەو لـە ساڵی ١٩٧٤ چووبووە دەرێ، بـەڵام کـە هاتـەوە هـەر لـە کۆیەیـان دامەزراندەوە، هونەرمەنـد وریـا ئەحمەدیشـیان لـە هەولێـر دامەزراندەوە، هیـچ کێشـەیان بۆ دروست نەکـردن، بـە ئاسایی چوونـەوە سـەر کاری خۆیان، ئێمـە لـەوێ موحازەراتمـان دەگوتـەوە، خەڵکێکـی زۆرمـان فێـری مۆسـیقا کـرد، دوایـی منیـش لـە موحـازەرە گوتنەوەکـە دەرکـرام، ئـەوە لـەو کاتـە

بوو کە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ کرد.

**ڕامان:** ئەو شەڕەی ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد و (٨) ساڵی خایاند؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوان بەعسی بوو، زیاتر ئەوانەی دادەمەزراند کە وەک خۆی بەعسی بوون.

**ڕامان:** بەڕێوەبەرەکە کورد بوو؟

**زاهیر محەمەد:** کورد بوو، ناوی غوبێش بوو، خەڵکی لای مەخموور بوو.

**ڕامان:** غوبێش ناوێکی سەیرە، باوکی ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** نازانم، خەڵکی لای مەخموور بوو، زمانی کوردی دەزانی، بەڵام هەر بە عەرەبی قسەی دەکرد، لە کاتی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، ڕۆژێک بانگی کردین، گوتی دەمەوێ سروودێک لەسەر سەرکەوتنەکانی سپای عێراق دابنێین، بۆنەیەکمان هەیە، لەوێ پێشکەشی دەکەین. من و سەردار ئەحمەدی بانگ کرد، کە ئەوەی پێ گوتین دیار بوو ئامانجەکە من بووم، یان لەلای دیکەوە پێی گوترابوو، یەکسەر سەردار ئەحمەد گوتی خۆ من ئاوازدانەر نیم و شتی وا نازانم، ئەویش یەکسەر ڕووی لە من کرد و گوتی ئاوازەکەم لە تۆ دەوێ (اریدە منک).

**ڕامان:** تەڵەیەکی سەیریان بۆ ناویتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، منیش گوتم کوا شیعری وا لەسەر سەرکەوتنەکانی سپا هەیە؟ گوتی بە ئارەزووی خۆت بکە. منیش بیرم کردەوە و گوتم باشە، بەڵام یەک مەرجم هەیە، دەبێ لە ڕۆژی پێشکەشکردنەکە بۆخۆت لەوێ ئامادە بی، گوتی باشە. هەر خۆم شیعرەکەم دانا، سروودێکی یەکجار خۆش دەرچوو، ئاوازەکەی مەقامی سەبا بوو، ڕاهێنانم بە کۆرسەکان دەکرد، ئێمە ئێواران کۆرسیشمان هەبوو، دەهاتن ڕاهێنانمان پێ کردن، ڕۆژی پێشکەشکردنەکە خەڵکێکی زۆر هاتبوون، ئەویش بۆخۆی لە پێشەوە دانیشتبوو، سروودەکەمان پێشکەش کرد، کۆرسیش بە حەماسەتەوە گوتیان و زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوان پێی گوتم ئێستا پێت ناڵێم شیعرەکە چۆنە و لەسەر سپا و ئەوانە نییە، بەیانی قسە دەکەین.

**ڕامان:** ئێستا ئاوازی سروودەکەت ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ماوە، بۆ ڕۆژی دووەم هات و بانگی کردینەوە، گوتی توو شەرەفتان ئەگەر بۆ موتەمەردینیشتان بگوتبا، هەر ئەوەتان نەدەگوت؟ تێگەیشتم، گوتم ئەو قسەیە ڕووی لە منە، هاتینە دەرێ و بە سەردار ئەحمەدم گوت من لە ئێستاوە خواحافیز، لەو ساتەوە من لێرە نامێنم، ئەو کاتە سەردار ئەحمەد دۆخی داراییشی ئەوە نەبوو، گوتم تۆ لێرە بمێنەوە، چیشت پێویست بوو، من یارمەتیت دەدەم و هاوکاریت دەکەم.

**ڕامان:** ئیتر تۆ لە وانەوتنەوەی مەڵبەندی لاوان کشایتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** حیساب کە من بە دەرکردن دەرکرام، گوتی بۆ لەمەولا یەک کەسمان دەوێ، ئیتر لەوێ نەمام.

**ڕامان:** ساڵانی هەشتاکان من لە سلێمانی بووم، مەڵبەندی لاوان، لە کۆیەش هەر (مەڵبەندی لاوان)ی پێ دەگوترا، هاتوچۆی کۆیە و هەولێریشم دەکرد، ئەو مەڵبەندانەی لاوان جێگەیەکی گوماناوی و بێزراوبوون، خەڵکی حەزی پێ نەدەکردن، ئەوە ئەو کاتە بوو کە لە دوای نسکۆی شۆڕش ویستیان (فتووە) و تەلایع و مەلایع لەو جێیانە کۆبکەنەوە و

ڕابهێنن، من ئاگام لێیە چەند کەسێک لە سلێمانی کە چووبوون وانەی مۆسیقا و شانۆ و شێوەکاری بڵێنەوە، یەکێتیی نیشتمانی کە لە شارەکەوە نزیک بوو، نامەی هەڕەشەیان بۆ مامۆستاکان نارد، تەنانەت ئاگادارم نامەیان بۆ کێ و کێ نارد، چونکە بارودۆخیان تێک چوو و دەموچاویان گۆڕا و بۆڵەبۆڵەیان دەست پێکرد، تەنانەت هەندێکیان سکاڵایان لەلای من دەکرد و دەیانگوت هەڕەشەمان لێ کراوە نەچینەوە بۆ ئەو ناوە، ئایا کەس هەڕەشەی لە ئێوە کرد، بڵێ ئێوە بوونەتە هۆکاری ئەوەی خەڵک بەهۆی متمانەیان بە ئێوە منداڵی خۆی دەنێرێتە ئەو شوێنانە، بەڵام ئەوان ئەو منداڵانە دەکەنە تەڵایع و فتووە و سیخوڕ بەسەر کەسوکار و دایک و باوکیانەوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتی مەڵبەندی لاوانی کۆیە زۆر باش بوو، کارمەندەکان و ئەوانەی دەهاتنە ئەوێ، بەتایبەتی بۆ بەشی مۆسیقا، تەڵایع و کەسانی خراپ نەدەهاتن، لە جێگەی دیکە، هەر لە بارەگای حزبی بەعس ڕاهێنانیان پێ دەکردن، نەدەهاتنە مەڵبەندی لاوان، بگرە هەر ڕقیان لێیان دەبووەوە، چونکە ئەو گۆرانی و سروودانەی ئێمە فێرمان دەکردن، هەمووی بابەتی کوردایەتییان تێدا بوو، بۆیە ئاوایان دەکرد.

**ڕامان:** ئەی ئەو شەڕەی هاتە بەر قاپیتان چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** با ئەوەت بۆ بگێڕمەوە، شەڕە گەورە و زۆر گرنگەکە کە لەبەردەمی مەڵبەندی لاوان ڕووی دا، لە شەوی شازدەی ئابی ١٩٨١ کە ڕۆژی دامەزراندنی پارتییە، لە ١٥ لەسەر ١٦ی مانگ، لە ٥ی ئێوارەوە پێشمەرگە، کە ئەو کاتی یەکێتییەکان لە دەوروبەری کۆیە بوون، هێشتا نزیکەی دوو سەعات زیاتر ڕۆژی دەمێنێت، هاتبوونە ناو شاری کۆیە، (مەڵبەندی لاوان)یش ئەو کاتە لە دەرەوەی شاری کۆیە بوو، یەک بینایەی قوتابخانەی ناوەندیشی لەتەنیشت بوو.

**ڕامان:** نازانی ئەو ئامر مەفرەزەی پێشمەرگەیە کێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ناوی عەزیز ڕەسووڵ خۆشناوە، ئیستا لە سویدە، کە ئامر مەفرەزەکە مامۆستا بوو، ئێمە ڕاهێنانمان دەکرد، تەواو بووبووین، کچیشمان لەگەڵ بوو، سەردار ئەحمەد گوتی من دەڕۆمەوە، ڕاهێنان تەواو بووە، گوتم بڕۆ، منیش ئەوە خەریکە تەواو دەبم، لەو عانە هێرشی سەلیم ئاغا، قوتابی بوو، ئەو کاتی کەمانم فێر دەکرد، گوتی مامۆستا زەحمەت نەبی پرسیارێکم هەیە، دەتوانی بۆم ڕوون بکەیتەوە؟ گوتم باشە، دوو سێ برادەریشی لەگەڵی مانەوە، بێجگە لەو چەند کەسە، ئەوانی دیکە ڕۆیشتن، ئەو کاتی مەڵبەندی لاوان شوورە و پەرژینی نەبوو، جێی دیوارەکان هەڵکەنداربوون و قووڵکرابوون، خۆڵەکان لەمدیو و لەودیو هێشتا دیواری بۆ نەکرابوو، هەموو پەنجەرەکانیشی جامخانەی گەورە بوون، من دەستم لەسەر کەمانەکەم بوو، تەماشای دەرەوەم کرد، دوو جاش چەکیان لە شان بوو، دەهاتنە خوارێ، لەو عانەی یەکێکیان کەوتە عاردی، ئێمە لە هۆڵەکە بووین، هێندەی پێ نەچوو لە دەرەوەی هۆڵەکە یەکێک هاواری کرد گوتی ئەو سەگبابە گوللەیەکی لە دەرگەی ژووری بەڕێوەبەر دا، ئیدی بووە هەرا.

**ڕامان:** گوللەی لە دەرگەی ژووری بەڕێوەبەری لاوان دا؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەڵام کەسی لێ

نەبوو، بەڕێوەبەر دەوامی نەدەکرد، هەر ئێمە دەواممان دەکرد، لەگەڵ خزمەتگوزار و پاسەوان و ئەوانە لەوێ بووین، ئیدی بووە هەرا، لەو عانەی بووە تەقوهوڕێکی زۆر، بەو ئێوارەیە کە هێشتا دوو سەعات ڕۆژی مابوو، لە هەموو لایەکەوە بووە تەقە، ئێمە لەوێ گیر بووین و ماینەوە، نەمانتوانی بڕۆین، هەموو پەنجەرە و دەرگاکان شکان، بەڵام ئێمە سێزدە کەس لە خزمەتگوزار و پاسەوان و قوتابییەکان مابووینەوە، لە جێگەیەکی قایم خۆمان مات کردبوو، ئەو جێگەیە ژوورێکی لەپێش بوو، هۆڵێک بوو، ئاودەست و دەستشۆریشی تێدا بوو، جێگەکەمان زۆر پارێزراو بوو، بەڵام پەنجەرەیەکی زۆر گەورەی لەتەنیشت بوو، لەتەنیشت ئێمە، هەموو پەنجەرەکان نەمان، بەو گەرمایەش تانکیی ئاو، هەمووی کون کون بوو، بۆیە ئاومان نەما.

**ڕامان:** هەتا سبەینەی ڕۆژی ١٦ی ئاب، لەناو ئەو بینایەیەدا مانەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەو گەرمایە هەر لەناو بیناکە ماینەوە، کوڕێکیشمان لەگەڵ بوو، نازانم ئێستا ماوە، یان نا، ناوی محەمەد زاهیر بوو، بەپێچەوانەی ناوەکەی منەوە، کاتی خۆی دایک و باوکی لە بۆردوومانی قەڵادزێ بەبەر کەوتبوون، تووشی نەخۆشیی نەفسی بووبوو، فەقیرە هاواری دەکرد و دەگریا، بە خزمەتگوزارەکانم گوت هێوری بکەنەوە، سەریان لەسەر ڕانی خۆیان دادەنا و هێوریان دەکردەوە، ئیتر جاشەکان بە هەموو جۆرە چەکێکەوە هاتنە ئەوێ، هاتنە بەرانبەر مەڵبەندی لاوان، پێشمەرگەش لەپشتی مەڵبەندی لاوان بوون.

**ڕامان:** ئەی ئەو دوو جاشەی کە یەکێکیان لێ بەربووەوە چییان لێهات؟

**زاهیر محەمەد:** یەکیان بەربووەوە و ئەوی دیکەیان ڕۆیی و هەڵات.

**ڕامان:** دیارە هەر ئەو پێشمەرگانە لێیان داون؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لێیان دان، دەرکەوت ساغەکەیان ڕۆیشت و هەڵات، سپا لە سەربازگەکەوە بۆردومانی دەکرد، ئاخر لە پەنجەرە گچکەکەوە تەماشامان دەکرد، تۆپ لە حەوشەی مەڵبەندی لاوان دەکەوت، ئەو کاتی حەوشەکە دیواری نەبوو، پێشمەرگە لەوێ دوو شەهیدیشیان دا، ئەوان دەیانویست شەهیدەکانیان ببەنەوە، پێیان نەدەچوونەوە، ئێمەش ئەو هەمووە لە ناو بیناکە مابووینەوە، برادەران ئەوانەی لەگەڵمان بوون، گوتیان با بڕۆینە دەرێ، گوتم بڕۆینە دەرێ هەر هەموومان دەکوژرێین، بوەستن ئێستا دەبێتە مانگەشەو، کە مانگەشەو بوو، پێشمەرگە پشوو دەدەن، ئەو کاتە ئێمە دەڕۆین، مانگەشەوەکە وەکوو ڕۆژ وا بوو.

**ڕامان:** کەی بە تەواوی بارودۆخەکە هێور بووەوە؟

**زاهیر محەمەد:** تا سبەینەکەی هێور نەبووەوە، تا بەیانی کە ڕۆژ بووەوە و جاشەکان هاتنە خوارێ و دەستی یەکیان گرتبوو، منیش بە خزمەتگوزارەکانم گوت، یەکێکیان ناوی (عومەر دۆنداری)یە، گوتم یەکێک هاوار بکات و بڵێ بابە ئێمە پێشمەرگە نین، نەوەک ئەوان وایانزانیبێ پێشمەرگەین و بێن ڕەمیمان بکەن، هاواری کرد گوتی ئێمە مامۆستا و قوتابی و پاسەوان و خزمەتگوزارین لێرە ماوینەتەوە، یەکسەر جاشەکان گوتیان ئێوە پێشمەرگەن، نەکەن بجوولێنەوە، بەتەما بوون مامەڵەی پێشمەرگەمان لەگەڵ بکەن، گوتمان نا بابە، ئێمە قوتابی و مامۆستا و خزمەتگوزار

و پاسەوانەکان لێرە ماوینەتەوە، ئەم شەو نەمانتوانی بچینەوە. گوتیان دە یەک یەک وەرنە دەرێ، (عومەر دۆنداری)ی لە پێشەوە، من لە دوای ئەو، ئەوانی دیکەش بە ڕیز هاتینە دەرێ، تازە ڕۆژ هەڵاتبوو، گوتیان بڕۆنە ئەو ماڵانە، دوایی هەر کەسە و بڕۆنەوە ماڵی خۆتان، هاتینە دەرێ، دوایی دابەش بووین، تا هەر کەسە و چووینەوە ماڵی خۆمان.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان لە مەڵبەندی لاوان موحازەرەت گوتووەتەوە، ئەی لە کاتی دامەزرانەوەی تیپی مۆسیقای باواجی، ئەو جارە ڕژێم دەستی تێخستبوو؟

**زاهیر محەمەد:** لە هەشتاکان چۆن دامەزرایەوە؟ بێگومان کاتی خۆی هەموو شتێکی هەڵوەشایەوە و کەلوپەلەکانیشی درایە دادگە و دەستیان بەسەردا گیرا، لە هەڵبژاردنی (پەرلەمان- ئەنجوومەنی نوێنەران)ی عێراق، حکوومەت پروپاگەندەی دەکرد و خەڵکی بۆ دەنگدان هان دەدا، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل، کە بە مەلا ماتۆڕ بەناوبانگە، هاتە کۆیە، لە فولکەی حاجی قادر بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکە گوتی چیتان دەوێت حکوومەت بۆتان جێبەجێ بکات؟

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**زاهیر محەمەد:** لە ساڵی ١٩٨١ بوو، دوو برادەری خۆمان یەکێکیان جەلال عەزیز، کەمانژەنەکە، لەگەڵ (کۆسرەتی حاجی شەل)یان پێ دەگوت، لە مەڵبەندی لاوان خزمەتگوزار بوون، کۆسرەت حاجی شەل، حەزی لە هونەر بوو، هەمیشە و بەردەوام لەگەڵمان بوو، ئێستاش ماوە و لە هەولێر دەژی.

**ڕامان:** نازانی باوکی ناوی چییە؟

**زاهیر محەمەد:** کۆسرەت حاجی شەل.

**ڕامان:** ئاخر حاجی شەل ناو نییە، نازناوە.

**زاهیر محەمەد:** باوکی خۆی ناوی حاجییە، هەر شەل بوو، پێیان دەگوت حاجییە شەل، ناوی حاجی بوو. ئەوان هاواریان کردبوو و بە (مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل)یان گوتبوو دەمانەوێ تیپی باواجی دامەزرێنیتەوە، ئەویش گوتبووی تیپی باواجی چییە؟ گوتبوویان تیپێکمان هەبوو بە ڕەسمی هەڵوەشاوەتەوە. گوتبووی دە باشە داواکارییەک بنووسن، ئەو کاتی ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان هەبوو، سەعید خەتات لەوێ بوو، گوتبووی ئێوە وەرن داوا بکەن، ئێمەش وا دەکەین مۆڵەتەکەتان بدەنەوە.

**ڕامان:** دوایی هەوڵەکە سەری گرت، چۆن دامەزرایەوە؟

**زاهیر محەمەد:** پێوەندییان بە منەوە کرد، منیش پێیانم گوت جارێکی دیکە نامەوێ ئەو کارە بکەم، ئەو کاتی زەمانی بەعس بوو، گوتم هەر نامەوێ بێمە ناو ئەو مەسەلەیەوە، من مامۆستام، زۆر داوایان کرد، گوتیان بە ئێمە ناکرێت و بڕوانامەی هونەری دەوێت.

**ڕامان:** ئەوە مەرج بوو، چەند کەسێکی خاوەن بڕوانامەی هونەریی دەویست.

**زاهیر محەمەد:** گوتم وەرن من تەگبیرێکتان بۆ دەکەم، دواییش هەر بە ملی مندا هاتەوە، هەر خۆم بە کارەکان ڕاگەیشتم، گوتم مادام مەلا ماتۆڕ بەڵێنی داوە، یەکێکیشی لە ئەمینداریەتیی گشتی ڕاسپاردبوو کە ئیشەکانمان بۆ بکات و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکە بکا، گوتم وەرن منیش تەگبیرێکتان بۆ دەکەم، ئەو نووسراوەی کە لە بەغداوە، لە وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە هاتووە، کە تیپی باواجی پێ هەڵوەشاوەتەوە، یەکسەر ئەو نووسراوە ئیلغا بکرێ، بەمە تیپی باواجی دێتەوە گۆڕێ، ئێمە کاتی خۆی بڕوانامەمان داونەتێ و دەستەی

دامەزرێنەرمان هەبووە، هەموو ئەوەی ئەوان داوای دەکەن کراوە، بەو هەنگاوە مانای ئەوەیە تیپی باواجی زیندوو بووەتەوە. گوتیان ئەوە زۆر باشە، ئەو هەوڵەمان دا و سەری گرت، ئیتر تیپی باواجی هاتەوە گۆڕێ و دامەزرایەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆ دەستەی کارگێڕی نوێ، هەڵبژاردنتان نەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** دیسان بۆ ڕێکخستن و ئەندام وەرگرتن و جێبەجێکردنی ئیشوکارەکان، هەر ئێمە بووین.

**ڕامان:** تۆ و کێی دیکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** لەگەڵ جەلال عەزیز و سەردار ئەحمەد بووین.

**ڕامان:** ئەی مەلا ئەنوەر تاهیری تێدا نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** بێگومان، مەلا ئەنوەر تاهیری تێدا بوو، جیهانگیر ساڵح هەبوو، ئێستا لە کۆیەیە، کەمانژەنیش بوو، ئەویش دوایی بووە ژمێریاری تیپەکە، چەند کەسی دیکە بوون کە ئێستا لەبیرم نەماون، ئیدی تیپی باواجی ماوەی ساڵێک دامەزرایەوە، تا بارەگامان گرت و کەلوپەلمان کڕی و ئەو شتانەمان جێبەجێکرد، دوای ساڵەکە داوای هەڵبژاردنمان کرد، نووسراومان بۆ قایمقامیەت کرد و قایمقامیەتیش دەیدایە ئەمن، لەوێشەوە دەهات و دەدرایە هەولێر، لە پارێزگا هۆبەی جەمعیات هەبوو، ئەوانە لەلایەنی ئەمنیی کەسەکانیان دەکۆڵییەوە.

**ڕامان:** کە نووسراوتان نووسی و داوای هەڵبژاردنتان کرد، هەوڵەکەتان سەری گرت؟

**زاهیر محەمەد:** کە نووسراوەکەمان کرد، پاش ماوەیەک لە ئەمنی کۆیە، من و مەلا ئەنوەر تاهیریان بانگ کرد، یەکەم جار لە قایمقامیەت، قایمقام بانگی کردین، گوتی داوای ئێوەیان کردووە بڕۆنە ئەمن، بزانن چیتان پێ دەڵێن، من و مەلا ئەنوەر تاهیر چووینە ئەمن، ئەو کاتی هەموو قسەکانیشیان تۆمار دەکرد، یەکەم جار بە منیان گوت، تۆ برازات پێشمەرگەیە، ئەوجا کوڕی (مەلا برایم)ی برام پێشمەرگە بوو، گوتم من چ بکەم؟ چ پێوەندی بە منەوەیە؟ برازامە و پێشمەرگەیە، چ بکەم، لەوانەیە بڵێم چەند ساڵێکیشە هەر نەمدیوە.

**ڕامان:** ئەو برازایەت ماڵیان لە کۆیە بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ماڵیان لە کۆیە بوو، داوا کرابوو بۆ سەربازی، سەربازیی نەکرد و چوو بوو بە پێشمەرگە، ئەوجا پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، بەندی ئیبراهیم بەناوبانگە، پێم گوتن من چی بکەم، خۆ من نەمناردووە، بەخوا بە عانەیەکیش یارمەتیم نەداوە، ئێستاش وا دەڵێم، ئیدی بۆ خۆم هەڵکێشم، گوتم ئەوە بیروڕا و بڕیاری خۆیەتی و چووەتە دەرەوە، بە هەرحاڵ قسەکانمیان تۆمار کرد.

**ڕامان:** ئەی چییان بە مەلا ئەنوەر تاهیر گوت؟

**زاهیر محەمەد:** بە مەلا ئەنوەر تاهیریان گوت تۆ برات پێشمەرگەیە، عادل تاهیر، ئەوە لە بەشی دارایی ئیشی دەکرد، مەلا ئەنوەر تاهیر گوتی ئەوە زڕبرامە، هەرواش بوو، زڕبرایەتی، گوتی ئەوە لە دایکم نییە، من چ بکەم، بڕیاری خۆیەتی و داویەتی، مەلا ئەنوەر تاهیر لەلایەن بەعسەوە باوەڕیان پێی دەکرد، دەیانگوت پیاوێکی بێ گرفتە، لە کۆیە دراوسێیەکی هەبوو ئەندامی شوعبەی حزبی بەعس بوو.

**ڕامان:** دراوسێیەکی ئەوها دەستڕۆیشتووی هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو بەرپرسە گەورەیە دراوسێی بوو، گوتی دەی من چ بکەم و چیم

دەسەڵاتە کە ڕۆیشتووە، قسەکانیان تۆمار کردین و گوتیان بڕۆن، پاش ماوەیەک نووسراو هات، نووسراوەکەم ماوە، ئاخر خۆمان بۆ دەستەی کارگێڕی نوێ هەڵبژاردبوو، ماوەیەکیش ئەنوەر تاهیر دەستی لەکار کێشایەوە، بەڵام من نا، چونکە خزمایەتییەکەی من، نزیکایەتیی پلە دووە، کوڕی برامە، هیی ئەو خزمایەتیی پلە یەکە و زڕبرایە، نزیکەی دوو سێ مانگ دەستی پێ لە کار کێشرایەوە.

**ڕامان:** ئێوە کە نەتانتوانی، یان ڕێیان لێ گرتن خۆتان هەڵبژێرن، ئیدی بەلای تیپی مۆسیقای باواجی نەچوونەوە؟

**زاهیر محەمەد:** تا ڕاپەڕین هەر نەچوومەوە بەو ناوە.

**ڕامان:** کێیان کردە سەرۆکی تیپ؟ کێیان بە سەرۆک پەسند کرد؟

**زاهیر محەمەد:** ناوی ئەو کەسە مەنووسە.

**ڕامان:** ئەوە بۆ مێژووە، بۆ نەینووسین؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێکیان بەبێ هەڵبژاردن هێنا و گوتیان ئەوە سەرۆکی تیپەکەیە، تا ڕاپەڕین سەرۆکی تیپەکە بوو. ڕۆژی ڕاپەڕین یەکسەر چووم دەرگای تیپەکەم کردەوە.

**ڕامان:** هاتن بۆ لات بڵێن وەرەوە، یان حزبێک داوات لێ بکات، یان خۆت چوویتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** پێشمەرگە پێیان خۆش بوو بچمەوە، گوتم تازە ئاسایش ئەمری کردووە.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان سەرۆکی تیپی باواجی- یان بەو شێوەیە بەسەرتاندا سەپاند و کردیانە سەرۆک، ئەی دەستەی کارگێڕی، کە چەند کەسێکن، ئەوانیش بە هەڵبژاردن بوو، یان بەدەستنیشان کردن دایاننان؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانە هەڵبژاردنیان کرد، تەنیا سەرۆکەکە ئەوان دایاننا، سەردار ئەحمەدیش لەوێ مایەوە، ئەو بەرپرسی بەشە هونەرییەکەی بوو.

**ڕامان:** ئەندامەکانی دەستەی کارگێڕیت بەدڵ بوو، پێت باش بوون، لە ئاستی پێویست و بەرپرسیارێتی تیپێکی وا بوون؟

**زاهیر محەمەد:** نازانم ئێستا لەبیرم نەماون کێ بوون و کێ نەبوون؟

**ڕامان:** یەکێک لەوانە جەلال عەزیزە، ئەوەی کەمانی لێدەدا.

**زاهیر محەمەد:** جەلال عەزیز کوڕێکی باش بوو، ئەو کاتیش لەگەڵ بەعس نەبوو، واتە مەرج نەبوو ئەوانە بەعسی بن.

**ڕامان:** ئەوە خوشکەزای مام برایم بوو، لە سلێمانی ئیبراهیم محەمەد حەسەن هەبوو، ئیشی عەرزوحاڵنووسیی دەکرد، زوو زوو سەردانی کۆیەی دەکرد، دەیگوت دەچمە ماڵی ئەو خوشکەزایەم و لەلایان دەمێنمەوە.

**زاهیر محەمەد:** جەلال عەزیز، کوڕی عەزیز زەینەل بەناوبانگ بوو، ئەو کاتی زوڕناژەن بوو، کوڕەکانیشی ناویان جەلال و جەبار بوو، لە شایی و هەڵپەڕکێی میللی زوڕنای لێ دەدا.

**ڕامان:** خوشکەزای مام برایم بوو، تۆ ئەو خاڵەیت دەناسی؟

**زاهیر محەمەد:** مام برایم- م نەناسیوە و نازانم کێیە، بەڵام ئێستاش برایەکی هەیە هونەرمەندێکی زۆر زۆر باشە، ناوی جەبارە، کەمانژەنێکی گرنگە، لەگەڵ جەلال عەزیز کە هونەرمەندە.

**ڕامان:** هەر لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کار دەکا؟

**زاهیر محەمەد:** جەلال عەزیز هەر لە تیپە، بەڵام جەباری برای لەوێ نەماوە.

**ڕامان:** ئەوەیان ئێستا لە کوێیە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو لە تیپ دەرچووە، لەگەڵ دەستەی ئێستای تیپ رێک نەکەوت، ئەو مامۆستایە و بە جیا ئیشی خۆی دەکات، تا ڕۆژی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین لە ٩ی ئادار بوو، یەکەم ڕۆژ چووم دەرگەی تیپم کردەوە، لە مزگەوتی گەورە بانگەوازم کرد و گوتم ئاهەنگمان هەیە، ڕۆژی دووەم ئەندامانی تیپەکە لەگەڵ کۆرس بێنەوە، هەموویان هاتن، ڕاهێنانمان لەسەر سروودی (ئەی هەڵەبجە) کرد و تۆماریشمان کرد.

**ڕامان:** ئەوەی حکوومەت کردبووی بە سەرۆک و بەسەرتاندا سەپاندبووی هاتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لەبیرم نەماوە کێ و کێ بوون، ئەوانی دیکە هەمووی پیاوی چاک بوون، تەنیا ئەوەیان هێنا و گوتیان ئەوە بەرپرستانە.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لە مزگەوت جاڕت دا و هەموو ئەندامەکانت کۆکردەوە، ئەوەی بەسەرتاندا سەپاندبوویان هاتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** نا نا، نەهات، کەسانی نوێ هاتن.

**ڕامان:** زۆر باشە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدرایەوە، باسی ئەو سروودەمان بۆ بکە، (ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست)، ئەو پرۆژەیە پێشتر ئامادە کرابوو، یان لەناو خەیاڵتاندا هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوەت پێ بڵێم، ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەو ڕۆژەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، تا نزیکەی سێ چوار ڕۆژان خەڵکی نەیزانی، حکوومەت نەیدەهێشت هەواڵەکە بڵاو بێتەوە، دوایی کە بڵاوبووەوە، زۆر غەمبار بووم، ئەو شیعرە و ئاوازەکەشم بۆی دانا.

**ڕامان:** شیعرەکەش خۆت بۆت دانا؟

**زاهیر محەمەد:** بۆخۆم دامنا، (ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست، شارە دڵسووتاوەکەم)، ئەوسا نەموێرا ئاشکرای بکەم، کە هەمووی تەواو بوو، ئاوازم بۆی دانا، بە جوایەز ئامادەم کرد، لە جێگەیەک شاردمەوە، لە کۆیە تەنیا ئەنوەر تاهیر دەیزانی.

**ڕامان:** متمانەت بە کەس نەبوو باسی پرۆژە هونەرییەکەتی بۆ بکەی؟

**زاهیر محەمەد:** نەوەڵڵا، ئەنوەر قەرەداغی کە دەهاتە کۆیە، میوانی من دەبوو، پاش ماوەیەک هاتە لام، شەوێک لەماڵەوە پێم گوت، ئەو شیعر و ئاوازەم داناوە. گوتی کوا بیهێنە کە بە یەکەوە لێمان دا، زۆر لێی ڕازی بوو، گوتی لەلای کەس باسی نەکەی، بەخوا عەشیرەت و ماڵ و منداڵیشت نامێنن، نەکەی باسی بکەی، ئەوە بوو ڕۆژی دووەمی ڕاپەڕین تۆمارمان کرد و لە فیستیڤاڵی یەکەمی هەڵەبجە بە کۆرسەوە چووین و لە هەڵەبجە پێشکەشمان کرد.

**ڕامان:** هەر لە سەرەتای ڕاپەڕین چوونە هەڵەبجە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، سەرەتای ڕاپەڕین لە هەڵەبجە فیستیڤاڵێک کرا.

**ڕامان:** لە کۆیە چۆن ڕاهێنانتان کرد؟ بارەگا و ستۆدیۆی تۆمار کردنتان هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ستۆدیۆی تۆمار کردنمان هەبوو، ستۆدیۆکە هەر خۆم دامەزراندبوو، لەگەڵ بارەگاکەی تیپ مابوو، کە لە ساڵی ١٩٨٢ تیپمان دامەزراندەوە، ئەوکاتە خانوویەکی چاکمان گرت.

**ڕامان:** دوای ڕاپەڕین کرێی خانوو و خەرجیی ڕۆژانەتان کێ لە ئەستۆی خۆی گرتبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتە خانوویەکمان بە هەشت دینار گرتبوو، دوایی بینایەکی شارەوانی کۆیەمان بە کرێ گرت.

**ڕامان:** لە کاتی ڕاپەڕین دەستیان لە

تیپەکەتان نەوەشاند، زەرەر و زیانی پێ بگەیەنن و کەلوپەلەکانی ببەن؟

**زاهیر محەمەد:** لە ڕۆژی ڕاپەڕین تیپەکەمان زەرەری بەرنەکەوت، بەڵام پاش ماوەیەک کە لە کۆڕەوەکە حکوومەت هاتەوە کۆیە، دەرگەیان کردبووەوە، بەڵام هیچیان نەشکاندبوو، دەستیان لە کەلوپەلەکان نەدابوو، ئامێر و کەلوپەلەکان مابوون، هەندێک شتیان بردبوو، لەوانە تۆمارکەرێک لەوێ بوو بردبوویان، حکوومەت کە کوێتی داگیر کرد، کەلوپەلی کوێتی هێنابوو، تۆمارکەرێکی کۆنی کوێتی لەلای ئێمە هەبوو، کە لە کۆڵان فڕێ درابوو و هێنابوومانە تیپەکەمان، سپا ئەوەیان بردبوو، گوتمان هەر وازمان لێ بێنن، گرفت نییە، حکوومەتیش ماوەیەکی کەم لە کۆیە مایەوە، ئیتر دوای ڕاپەڕین دەستمان بە چالاکی کردەوە و تا ئێستاکەش تیپی باواجی ماوە، ئێستا بینایەی خۆی هەیە و لەسەر تیپی باواجی تاپۆ کراوە.

**ڕامان:** حکوومەتی هەرێم ئەو خانووەی بۆ تیپ کڕی و لەسەریان تاپۆی کرد؟

**زاهیر محەمەد:** بێگومان ئەوە کاری حکوومەتە، یان لایەنی کارگێڕی شارەکە، ئێستاش جێگایەکی گەورەتریان بۆ دابین کردوون، ئەگەر بارودۆخ باش بێ، لە ڕێی هەیبەسوڵتان بینایەکی چاکتریان بۆ دروست بکەن.

**ڕامان:** تیپی مۆسیقای باواجی شایانی هەموو شتێکە، بەڕاستی تیپێکی زۆر گرنگ و بەرچاو بوو.

**زاهیر محەمەد:** ئێستاش گرنگە، بەڵام چالاکی نییە، دۆخی داراییان باش نییە، دەنا ئێستاکەش ماوە، ناوبەناو ڕاهێنان دەکەن، هەرچەندە چالاکییان کەمە.

**ڕامان:** ئەوە ئاساییە، تیپێک بوو ناوبانگی خۆی هەبوو، زۆر لەگەڵ ڕەسەنایەتی دەستوپەنجەی خۆی نەرم کردبوو، خزمەتی چاکی بە هونەری گۆرانیی ڕەسەنی کوردی و دەنگی کوردیی کرد.. پێوەندییەکانی ئەو تیپەم بۆ باس بکە کە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی مۆسیقای هونەر و وێژەی کوردی، تیپی مۆسیقای مەولەوی، تیپی مۆسیقای دهۆک و تیپی مۆسیقای ڕواندز چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئێمە لە بۆنەکان چالاکییەکی چاکمان هەبوو.

**ڕامان:** مەبەستت لە چالاکییەکانی دوای ڕاپەڕین، یان پێش ڕاپەڕینە؟

**زاهیر محەمەد:** لەپێش ڕاپەڕین و لەدوای ڕاپەڕینیش بوو، ئێمە قەت نەدەچووینە بۆنەیەک حکوومەت بەسەرماندا بیسەپاندبا، هەمیشە ئەوەی لە بەرژەوەندی کورد و کوردایەتیدا بوو، ئەوەمان دەکرد، ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی، کوردایەتییەکی پاک و خاوێن و چاکی دەکرد.

**ڕامان:** پێت وایە ئێستاش هەروایە؟

**زاهیر محەمەد:** ئێستاش هەر وایە، ئێستاکە خۆت دەزانی تیپەکە لە نێوان دوو لایەن دابەش بووە، بەڵام هەموویان ئینسانی چاک و کوردپەروەرن، ئەو کاتیش کە لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی کە لە بەغدا کرا...

**ڕامان:** ئەوە وێستگەیەکی گرنگە، دوایی باسی دەکەین.. جارێ پێش ئەو باسە پێوەندیتان لەگەڵ هونەرمەندەکانی سلێمانی و تیپی مۆسیقای سلێمانی چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** جارێ با لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردییەوە دەست پێ بکەین.

**ڕامان:** دیارە پێوەندییەکە لەوێوە دەست پێ دەکات؟

**زاهیر محەمەد:** لەوێوە دەست پێ دەکات، لە ساڵی ١٩٧٤ کە لە بەغدا میهرەجانی هونەری کوردی سازکرا، هونەرمەندەکانی کوردستان هەموویان هاتن، لە بەغدا من لە دەستەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵەکە بووم، ئەو کاتە دوکتۆر ئیحسان فوئاد و مەحموود زامداریشمان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوسا دوکتۆر ئیحسان فوئاد بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، سەرپەرشتیاری گشتیی میهرەجانەکەش بوو، زامداریش هەر لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا فەرمانبەر بوو.

**زاهیر محەمەد:** زۆر ڕاستە، د. ئیحسان فوئاد پیاوێکی چاک بوو، ئەو میهرەجانەکەی پێک هێنا، ئێمە (نووری وەشتی، جەمال شادان، زاهیر محەمەد، موختار فایق) لە دەستەی ئامادەکاری بووین، ئاگادارکراینەوە کە هەموو تیپەکانی کوردستان بەشدار بن، تەنیا یەک مەرجیان دانا، گوتیان لەبەر خەرجی، لە شازدە کەس زیاتر مەهێنن، بۆیە خۆمان بەو ژمارەیەوە بەستەوە، شازدە کەسمان هەڵبژارد، لە کاتێکدا تیپەکەمان ژمارەی گەلێک لەوە زیاتر بوو، ڕاهێنانمان لەسەر بەرهەمەکانمان کرد.

**ڕامان:** سەپاندنی ئەو شازدە کەسە، بۆ ئەوانی دیکەش هەر وابوو؟

**زاهیر محەمەد:** بۆ هەموو تیپەکان وابوو، تەنیا بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی نەبێ.

**ڕامان:** شەوکەت ڕەشید کە کلارنێتی لێدەدا، «بووکمان هێنا و هاتینەوە»، هەر ئەو چالاکییەیان نزیکەی شەست حەفتا کەس لەسەر شانۆ بوون.

**زاهیر محەمەد:** با ئەوەت بۆ باس بکەم، لەو ڕۆژانە ئەنوەر قەرەداغی بە نووسین و لە چاوپێکەوتنێکیشدا باسی کرد، ئەوان نزیکەی حەفتا کەسیان هێنابوو، لە حەفتا کەس زیاتریش، ئێمە بەپێی بڕیارەکە شازدە کەسەکەمان بردبوو، لەبەر ئەوەی ئەوان بەو قەبارە گەورەیەوە لەسەر شانۆ دەرکەوتن، خەڵکێکی یەکجار زۆر لە عەرەبەکانیش هاتبوون.

**ڕامان:** هەندێک لە هونەرمەندە عەرەبەکان ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنیش بوون.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لیژنەی هەڵسەنگاندن، جەمیل سەلیم و عەلی مەردان و ئەوانەی تێدا بوو.

**ڕامان:** کێی دیکە لە لیژنەکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی بینیمن غانم حەدداد، جەمیل سەلیم، عەلی مەردان، ئەوانە لیژنەی هەڵسەنگاندنی مۆسیقا و گۆرانی بوون.

**ڕامان:** ئەی ناوی لیژنەکانی دیکە دەزانی، لیژنەی هەڵسەنگاندنی شانۆ و شێوەکاری کێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** ناوی ئەوانە نازانم، بەشی تەمسیل و شانۆ و شێوەکاری لە جێگەیەکی دیکە بوون، ئەوان کە بەو ژمارە زۆر و گەورەیییەوە هاتنە سەر شانۆ، حەفتا کەس لە مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ و کۆرسێکی گەورە، بۆیە نەخرانە ناو لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە، بە ئیمتیاز بە یەکەم دانران، لە هەڵسەنگاندنی لیژنەکەدا، تیپی باواجی لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی کوردستان یەکەم بوو.

**ڕامان:** تەنیا تیپی مۆسیقای سلێمانی نەبێ، نەخرایە ناو هەڵسەنگاندنی ئەو لیژنەیەی کە هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوان نەخرانە ئەو لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە، بۆیە بە ئیمتیاز، بە یەکەم دانران، جیا لە لیژنەی هەڵسەنگاندنەکە، لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی دیکەی کوردستان، ئێمە

یەکەم بووین، تیپی باواجی بەو بەرهەمانەی یەکەم بوو، لەوەوە زۆر دەرکەوتین و دواییش بارودۆخەکە ناخۆش بوو، ئاخر چالاکییەکە لە ساڵی ١٩٧٤ بوو، تیپی دهۆک زۆربەیان، هەر لە بەغداوە پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، هەر لەوێوە نەچوونەوە دهۆک، لەبەر ئەوەی دۆخی سیاسی تێک چوو.

**ڕامان:** بەڵێ، دۆخەکە زۆر خراپ تێکچوو، تەنانەت پێیان گوتبوون شەو لە بەغدا مەمێننەوە نەوەک بگیرێن.

**زاهیر محەمەد:** دوای ئەوە تیپەکەمان هەڵوەشایەوە و نەما، ئەوە بوو دوای ڕاپەڕین تێهەڵچووینەوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی باسی دوای ڕاپەڕین بکەین، باسی پێوەندیتان لەگەڵ تیپی سلێمانی و تیپەکانی دیکەی کوردستان بکە، چونکە گوتت لەوێوە دەستی پێ دەکات؟

**زاهیر محەمەد:** ئاخر هیچ تیپێک نەما، وەک پێشتر گوتم ئەوەی مایەوە لە مەڵبەندی لاوان کاریان دەکرد، ئێمە لەوێ وانەی مۆسیقامان دەگوتەوە.

**ڕامان:** هیچ پێوەندییەکتان بەو لا و ئەو لا، بە هونەرمەندەکانی سلێمانی و شوێنەکانی دیکەوە نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، هەر ئەوەندە بوو، ئەگەر بۆنەیەکی حکوومی هەبا، بۆ نموونە جارێک فیستیڤاڵێک لە حیللە کرا، جارێکی دی لە سەماوە کرا، ئەوانە لەسەر ئاستی مەڵبەندی لاوان و حکوومەت بوون، ئێمەشیان بانگهێشت دەکرد، ئێمەش بەرنامەی خۆمان هەبوو، ئەو بەرهەمانەی پێشکەشمان دەکردن، بە بەرهەمی خۆمان و بە گۆرانی کوردی بەشداریمان دەکرد و دەچووینە ئەو جێگایانە، جارێک بۆ حیللە و جارێک بۆ سەماوە چووین.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند و چەند بوون؟

**زاهیر محەمەد:** لە ساڵی ١٩٨٠ و ١٩٨١ بوون.

**ڕامان:** بەناوی چ تیپێک دەچووی؟

**زاهیر محەمەد:** بەناوی تیپی مەڵبەندی لاوان، کە لەوێ هەندێک قوتابیمان فێر کردبوو.

**ڕامان:** باسی جۆری چالاکییەکانم بۆ بکە، چالاکییەکان لە چ ئاستێکدا بوون، چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** چالاکییەکان هەر ئەوانە بوون کە مەڵبەندی لاوانی باشوور و بەغدا و پارێزگاکانی دی دەهاتن و لەوێ بەرهەمی خۆیان پێشکەش دەکرد، ئێمەش لە ماوەیەکی کورتدا، بەرنامەیەکی کوردییان دەدایێ، وێنەی چالاکییەکانیشمان هەیە، ئەوجا بەشداریمان دەکرد و گۆرانی کوردیمان پێشکەش دەکرد. من تا ساڵی ١٩٨١ لە مەڵبەندی لاوان بووم، تا ئەو ڕۆژەی گوتیان یەک وانەبێژمان دەوێ، ئیدی من لەوێ نەمام، بەڵام سەردار ئەحمەد بەردەوام بوو، هەر لەوێ مایەوە تا ڕاپەڕینی بەسەرداهات.

**ڕامان:** دوای ڕاپەڕین، کە تیپی مۆسیقای باواجی دروست بووەوە، پێوەندییەکانتان لەگەڵ ئەو تیپانەی کوردستان پەیدا کرد، یان پێوەندییەکان هەر کەسیی بوون؟

**زاهیر محەمەد:** پێوەندیی هونەری، یان بەشداریکردن لە چالاکیی هونەری، ئەگەر لە جێگەیەک هەبووایە، بۆ نموونە کە یەکەم فیستیڤاڵی هەڵەبجە کرا، لەوێ چەند گۆرانییەکم پێشکەشکرد، بەرهەمەکە بەناوی لاواندنەوە و سروودی (ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست)، پێشەکییەکەی کوپلەی یەکەمی لاواندنەوەکەیە، دیالۆگ و قسەکردنی لەگەڵە، دوایی لە کۆپلەی دووەم و سێیەم دەبێتە سروود.

**ڕامان:** چەند تیپ لەوەی هەڵەبجە بەشدار بوون؟

**زاهیـر محەمـەد:** تیپەکانـی هەولێـر، ڕوانـدز، سلێمانی و ئەوانە هەموویان بەشدار بوون، هـەر یەکەیـان ماوەیەکیـان پـێ درابـوو.

**ڕامـان:** هەمـوو گۆرانـی و سـروودەکان لەسـەر هەڵەبجـە بـوون؟

**زاهیـر محەمـەد:** مـەرج نەبـوو، تـا ئێسـتا لەسـەر هەڵەبجـە دوو سـروود هەیـە، ئـەی هەڵەبجـەی خۆشەویست، یەکـەم کـەس مـن ئـەو سروودەم دانـا، شـتێکی دیکـەش هەیـە کـە تـارا ڕەسـووڵ دەیڵـێ.

**ڕامـان:** ئـەوەی تـارا ڕەسـووڵ «بـە تەنیـا جێـم مەهێڵـن» بـوو.

**زاهیـر محەمـەد:** ئەوەیـان شـیعری ڕەفیـق سـابیرە، ئـەو بـە هێمـا نووسـیویەتی، شـیعرەکەم بە چاکی لەبـەر نییـە، بـەڵام ئەوەکەی من لەسـەر هەڵەبجەیـە، بێجگـە لـەوەی مـن، تـا ئێسـتاش کارێـک لەسـەر هەڵەبجـە نەکـراوە.

**ڕامـان:** ئـەوەی تۆ ڕاستەوخۆ لە بـارەی هەڵەبجەیە، هەڵەبجە دەدوێنی و باسی کارەساتەکەت کردووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، حەفتەیـەک دوای ئـەوەی بیسـتمان هەڵەبجـە کیمیابـاران کـراوە، بـە شـیعر و بـە ئـاوازەوە بـۆ هەڵەبجـەم دانـاوە، هونەرمەنـد ئەنـوەر قەرەداغـی باسـی دەکات و دەڵـێ یەکـەم سـروود ئـەو داینـاوە.

**ڕامـان:** کـە یەکـەم جـار ئـاوازت دانـا، کام ئـاواز بـوو، سـاڵی چەنـد داتنـا؟

**زاهیـر محەمـەد:** شـیعری مەدهـۆش بـوو کـە دامە عەبدوڵـڵا دڵسـۆز، ئـەو کاتـە لـە بەغـدا پێکـەوە قوتابـی بوویـن، یەکـەم ئـاوازم ئـەوە بـوو کـە لـە ئێزگـەی کـوردی تۆمـارم کـرد، «مـن دڵشـکاو نیـم، مـن دڵشـکاو نیـم، وەکـوو گەلێـک کـەس جەرگبـڕاو نیـم››، مەقامێکـی بەیاتـە.

**ڕامـان:** بۆچـی عەبدوڵـڵا دڵسـۆزت بـۆ گوتنـی ئاوازەکـەت هەڵبـژارد؟

**زاهیـر محەمـەد:** لەبـەر ئـەوەی لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان پێکـەوە لـە بەشـی مۆسـیقا قوتابـی بوویـن، یـەک دوو گۆرانیشـم بـۆ ئەنـوەر تاهیـر ئامـادە کـرد، ئەوانیشـمان لـە بەغـدا تۆمـار کـرد.

**ڕامـان:** ئەوانـە سـەرەتای ئاوازدانانـت بـوون، یەکەمیـان بـۆ عەبدوڵـڵا دڵسـۆز، دووەمیـان بـۆ ئەنـوەر تاهیـر بـوون.

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، یەکـەم گۆرانیـم دایـە عەبدوڵـڵا دڵسـۆز کـە لـە ئێزگـەی کـوردی تۆمارمـان کـرد.

**ڕامـان:** دیـارە دەنگـی عەبدوڵـڵا دڵسـۆزت بـەدڵ بـووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** دەنگـی خـۆش بـوو، عودژەنیش بـوو، ئاخـر لـە بەشـی عـود بـوو، بۆیـە لـە گۆرانـی و دەنگـەکان تێدەگەیشـت، چاکـی لـێ دەزانـی.

**ڕامـان:** مـن لـەوەدا لەگەڵـت ناکـۆک نیـم، کـە شـارەزا بـووە، بـەڵام دەنگـی زۆرتـر مۆرکێکـی عەرەبیـی پێـوە دیـار نەبـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** ڕاسـتە، ئـەو کاتـی لەژێـر کاریگـەری دەنگـی فەریـد ئەتـڕەش بـوو، هەروەهـا ئەوانـەی ئـەو ڕۆژگـارە بەناوبانـگ بـوون، بـەڵام لـە مۆسـیقا تێدەگەیـی، چونکـە ئـەو خـۆی عـودژەن بـوو.

**ڕامان:** چەند ئاوازت بۆی دانا؟

**زاهیـر محەمـەد:** سـێ چـوار ئـاوازم بـۆی دانـا، یەکێـک لـەو ئاوازانـە شـیعری دڵـزار بـوو.

**ڕامـان:** نـاوی شـیعرەکان و گۆرانییەکانـت لەبیـر مـاون؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئەگـەر لەبیـرم مابـن، یەکێکیـان شـیعری خـۆم بـوو.